نیگار نادر

NEGAR NADIR

من
بەکاتی هەولێر

Auther Negar Nadir

Auther Negar Nadir

من بەکاتی هەولێر



من

بەکاتی هەولێر

ناوی کتێب: من بەکاتی هەولێر نووسەر: نیگار نادر

پیتچن: نووسەر نەخشەسازی ناوەرۆك: سەید ئارام

بەرگ: لاوەند حاجی محەمەد چاپخانە:

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی

کتێبخانە گشتییەکان (   )ی ٢٠١٥

من چ بکەم

ساڵی ٢٠١٥ لە هەولێری کاتبەند کردووم، بەدەر
لەدەسەڵاتی خۆم کات پێنووسەکەی ڕاسپاردوم تا
بەتەوژمی مێژوو نیشانەی ڕاست بپێکێت ..

نیگار نادر

5

من بەکاتی هەولێر

ئەوە منم بەکاتی هەولێرو بە زاراوەی تۆ، بە ناونیشانی ساڵی **٢٠١٥** لەسەر شەپۆلی سپی دەریای ناوەڕاست، بەپشتیوانی ئەستیرەی زوهرە، ئاسمان بەدواتدا دەپشکنم، لە رۆخی زەریای هێمن تا ئەوسەری دونیا لەسەر یەک هێڵ دەنگت نەخش

6

چندەکەم، لێرە بەدوا تەنها لەسەر فریکوێنسی چاوی تۆ دەبیسترێم و بەدیاردەکەوم و دەستەبەردەبم.

ئەوە منم بە بارستایی هەولێرو بە پاڵەپەستۆی زەوی چاولەدوتم، بەپێی پێوەری کێشکردن دڵت کێشم دەکا، بەوەنییە هاوخەسڵەتی ئەستێرەی سیوەیلم ڕۆژانە هەموو ئەتڵەس جێگۆڕکێم لەگەڵ دەکا، لەسەر لەرەلەرەی دڵم بە خێراترین تەوژم گەرمیت پەخش دەکا، دڵنیا نیم لەسەر کامە خولگەم و چۆن هاسەنگ

7

دەبم لەگەڵ زەوی و زەمان، دەڵێی لەناو دوو چەرخدا مەیووم نازانم دروست ئێستا ڕاستترین کات **٢٠١٥**یە یان **٢٠٥١**، ئەی کامیان گونجاوتر من وێنە دەکا؟**!**

ئەوە منم چەقی دڵی تۆم کاتبەند کردوە، دەزانی کاتبڕم و کاتم لە کاتژمێر زەوتکردوە، هەر دەشترسم کات دابەشترمکا، دەزانم هەمیشە کات لەبارو گونجاو نییە لەژیاندا، یان کات تەواو نییە یان کات بەسەرچووە یان کات لەدەست دەرچووە، یان کاتی

خۆی نەهاتووە، یان کات پەرچەکردارە، یان کات پێکدادەدات!

ئەوە منم بە شێوەزاری تۆ بەڕەنگی پەلکەزێڕینە بە دەنگی زەنگوڵە لەسەر پشتی هەولێر نەخش دەبم، بەبارتەقای ڕەوە ئەستیرەیەک دەکشێم تا لەچاوان ون دەبم، وەک سورە ماسی تیژ دەبزووم لەترسی ژاوەژاو و تۆڕو قولاپی ئەو ژیانەو لەبنی ئۆقیانۆسێکدا کۆشمە دەبم.

٩

ئەوە منم بە فۆنەتیکی تۆ و خەتی سور ڕاست و چەپ بەسەر ژیاندا کێشراوم، زمانم بۆتە پێنووس و هەزارەها پیت لەناو سەرمدا وەکو چۆلەکە فڕەفڕدەکەن و وەکو گوڵی ئەتەمین وشەکان دەچنم و مێژووی هەولێریان لەسەر لێدەدەم.

نیگار نادر

٢٠١٥/٥/٢٥

10

خۆماڵیکردنی خۆم

چ عەترخانەیەکی قازاخم، بەبۆنی خۆم عەتری تایبەتم لەهەر شت و شمەکێکی ژیان دروستکردوە، پێموایە زۆرو زەوەند نیم لەخۆم، چونکە هەر عادەتیشمە هیچی کەمم ناوێ، بەڵام تا ئێستا نە کەمم هێناوە، نە لەخۆشم زێدە وەسەرگەڕاوم، دەمێکە دەمزانی دەبێت پڕ بەخۆم بم ئەوجار دەتوانم خۆم

خۆمالّی بکەم و جێگە پەنجەی کەس و هیچم بەسەرەوە نەبێت، هەمیشە لەگەڵ ڕەهایی لەکێبڕکێدام و لەگەڵ ڕێژەیی لەململانێدا، چونکە نامەوێت ژیان خەسارم بکا.

خومالّیکردن جۆرێکە لە دلۆپاندن، هەتا هەموو گشتییەکان لەناو خۆتدا نەدلۆپێنی، ئەستەمە بتوانی تایبەتمەندیت هەبێت، مرۆڤ دەبێت چەندین جار درز بدات تا لەڕێگەی ئەو درزەوە هەم فیکر بچێتە ناویەوە هەم فیکری لەبەربڕواو پاک بێتەوە، مرۆڤی

داوەستاو نەهیچی بۆ خۆماڵی دەکرێ و نە خۆی بۆ خۆماڵی دەکرێت...

لەسەدان خواست و نەریت و ڕێسا دەستم کێشاوەتەوە، لەسەدان حەزو هیواو خولیا دڵم کێشاوەتەوە تا خۆم خۆماڵی کردووە، خۆکۆکردنەوەو هەزردۆزین و زمان هەڵکۆڵین دەسپێکی خۆ خۆماڵیکردنە، خودا دڵپشکی کردوین لە ژیاندا بۆئەوەی بزانین چ ڕێگایەک وە چۆن ئاراستەیەک و چ عەترێک هەڵبژێرین، ئەگەر مرۆڤ

13

چەندین جار بڕواو ئاوەزی خۆی لێکهەڵنەوەشێنێتەوە و دروستی نەکاتەوە هەرگیز ناتوانێ خۆی خۆماڵی بکات.

وەکو دەریایەک زۆر ڕووبارو جۆبارم هاتوونەتەوە سەر، تا چاو بڕ دەکا سنووری بیرکردنەوەو زمانیان فراوان بردووم، بەڵام هەمیشە پێویستم بە خۆ خەستکردنەوە هەیە،جا ئەو خەستکردنەوەش وەکو خەستبوونەوەی دەریایە و کارێکی سەختە، سەدان جار خۆخواردنەوە

14

دەستبەرداربوونی پێویستە، دەستەبەرداربوون لە زۆر شتی سەرەکی و خۆشەویست.

دڵگران نیم لەو کەسانەی ڕوون نامبینن و ناگەنە نزیکم، خۆ تەخسیری من نییە، چونکە هەمیشە سەرم وەک سەری چیا پڕ لەتەمە، چ بەسەر زمانم و چ بەناودڵ و چ بەمێشکمدا دێت لەدەستاڕی دەدەم، هەموو شتێک لەکاتی خۆیدا پەسەند دەکەم، نە چرکەیەک دوای دەخەم نەچرکەیەک پێشی دەخەم، ناهێڵم ژیان قەرەباڵغم بکا، دەنگم دەقی بشکێ و ڕەنگم کاڵ بێتەوە.

15

لە کوردە کاکڵەکانم، ئەو خۆڕاگری و بەرگەگری و خۆبەدەستەوەنەدان و نەبەزی و سەرکێشییەم لە میراتیە ڕەسەنەکەی کوردانەوە بۆ بەجێماوە و کۆی کرۆکی خەسڵەتەکانی منیان پێکهێناوە، لەبەرئەوەی ڕۆژهەڵاتییەکی پڕ لەڕۆژم، ڕۆژئاواش دەرەقەتی ڕۆژئاوابوون لەمندا نەهات و هەر بەگەرموگوڕی خۆمەوە پاراستمی، بەڵام دەبێت دانی پێدابنێم کە ڕۆژ هەم لەناومدا هەڵدێت و هەمیش ئاوا دەبێت بەو مانایەی بوومەتە تێکەڵەیەک لەنێوان هەردووک

کولتووری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا.

پێموایە، پڕ ئاستەنگترین خەسڵەت بۆ مرۆڤ، خۆ خۆماڵیکردنە، مرۆڤ چەند ڕۆشنبیر، زانا، شارەزا، کارامەو کارزان و پسپۆر بێت ئەگەر خۆی خۆماڵی نەکردبێت، یا ئەو بەهرەیەی هەیەتی لەناوخۆیدا خۆماڵی نەکردبێت ئەوا هەرگیز ناتوانێ ببێتە کەسایەتییەکی تاقانە و شکۆی خۆی ڕابگەیەنێت و مرۆڤێکی سەرڕاست بێت...

شوێنپێی هیچ و کەسم هەڵنەگرتووە، لە شوێنپێی

خاکێک نەبێت، کە وابزانم وەها لەیەک ئاڵۆسکاوین بەهیچ لێک جودا ناکرێینەوە، خۆ خۆماڵیکردن پلەیەکە کەوا لە مرۆڤ دەکا عەتری تایبەت بخۆی بڕێژێ و مۆری تایبەت بەخۆی دروست بکا و بەناوی خۆی مۆر لەبەرهەمەکانی و لە ژیان بدا.

چۆن هاتمە ژیان دەمەوێ هەرواش لێی دەرچم بێ سازش بێ ڕتوش بێ، بەڵام هەرگیز نامەوێت بەبێ بەجێهێشتنی عەتری خۆم بڕۆم.

هاوڕێیەک بەڕەنگی هەموو ژیان

هاوڕێیەتی ئەو کەسانە مەکە وەکو پەپوولە تەنها یەک وەرز دەمێننەوە، پشت بەو کەسانە مەبەستە کە وەکو شەمەندەفەر لەکاتبەندی دیاریکراوی خۆیاندا وێستگە بەجێدەهێڵن، ئەگەر دەیان موسافیر بەجێبمێنن یا بکەونە خوارەوەو گیان بسپێرن هەر ڕاناوەستن!

مەبە هاوڕێی ئەو کەسانەی وەکو ئەو فڕۆکانەی بە ئامادەبوونی یەک موسافیر دەفڕن. متمانە بەو

19

کەسانە مەکە وەکو ڕووبار لەنیوەی ڕێگادا دووڕا دەبن، هەرگیز گوێ مەدە ئەو کەسانەی تەنها دەیانەوێت گوێڕایەڵیان بیت، چاوەڕێیت لەو کەسانە نەبێت کە چاویان لەدوات نییە، مەچۆ سەر ئەو کەشتیانەی لەترسی تۆفان خۆیان غەرقدەکەن، سەر بۆ ئەو ئەستێرانە هەڵمەهێنە کە ڕەنگە بزرببن زوو بڕژێن، دەست مەخە دەستی ئەو دۆستانەی بە ئاشکرا ناوێرن دەستت بگرن ... هاوڕێیەک هەڵبژێرە وەکو ناوی دووەم دەمێنێتەوە لەگەڵ ناوی تۆ و هەمیشە پێی دەناسرێیتەوە..

20

هی تۆیە بەڵام بۆ تۆ نییە!

مرۆڤ دەکرێ ببێتە خاوەنی زۆر کەلووپەل و شمەک، بەڵام شەرت نییە ئەو شمەکە ببێتە موڵک یان بەمەبەستی خاوەنداریەتی هەتاهەتایی بێت، وردتر سەرنج بدەین یەک لەو بابەتانە ژیانە، ژیان دەکرێ بە پرۆسەیەکی دووبەری بچوێنین بەو مانایەی کە ژیان هی ئێمەیە، بەڵام بەتایبەت و هەتاهەتایە بۆ هیچ یەک لە ئێمە نییە!، هەمووشمان ئەو ڕاستییە دەزانین،

بەڵام بە گەرمی دەژین و بەگەرمی خۆشمان دەوێت و لەناو ژیاندا بێ ئەژمار دەمانەوێ خۆشەویستی بکەین وە ئەستەمترین بڕیار بۆ ئێمە دەستەبەرداربوونی ژیانە بەهەموو خۆشەویستەکانییەوە... زۆر جاران مرۆڤ دەبێتە خاوەنی شتێک کە هەر مەبەستی نییە یا بۆتە خاوەندارو هەر ئاگایشی لێی نییە..

جەلالەدینی رۆمی دەفەرمووێ (عەقڵ هات، عاشق خۆت وەشێرە ئەتۆش، وای لەمن وای لەدەستی عەقڵ

و هۆش) بۆیە ئەگەر هەمووومان بە عەقڵ لەو ژیانە ڕامێنین زۆر ڕووی تری ژیان دەبینین و ژیرتر هەڵسوکەوتی تێدا دەکەین دڵنیا دەبین کە هیچی هی ئێمە نییە، بۆیە زۆرجار ئەو دەمانەی مرۆڤ هەڵدەکشێ بەرەو پلەیەکی باڵاتر لە خەڵکی گشتی بە ناعاقڵ یان بە شێت دێتە تاریفکردن، ڕوونتر بڵێم ئەو کەسانەی دەگەنە پلەیەکی تایبەت لە فیکر و تێهزرین یا لە خوداپەرستی و عیرفان یا لە عەشقی ڕووحانی بە شێوەیەک لە شێوەکان سەر زەوی بە جێدەهێڵن،

23

ئەو پێناسە باوانە تێدەپەڕێنن کە بە گشتیکراون بۆ ژیان و دونیا و هۆشیان ئەوەندە هەڵدەکشی کە گوێ بە سنوورە دەستکردەکان نادەن و دەگەنە ئاستێک لە جیهانبینی، بەتەواوی لێیان ڕوون دەبێت کە خاوەنداریەتی ژیان ناکەن بۆ هەتاهەتایی و بۆیە بەقووڵی و تیژی، بەڕوونی فیکرو دڵیان لە ژیاندا هەڵسووکەوت دەکەن و بڕیار دەدەن و مرۆڤە گشتدیدەکان پێیان وایە ئەوانە لە دەرەوەی سنووری ئەقڵ داژۆن بە عەقڵی باو قەزاوەتی باو بەسەریان دەدەن و زۆر جار بە شێتیان ناوزەد دەکەن...

دەترسێم یوسف ...

دەترسێم لە ئەتۆم نا کە چەندین تیۆرم لەسەر خوێندوە، لە تیرۆر نا کە بیروڕای دەیان زاناو فەیلەسوفم لەسەر ئەزبەرکردوە، لەچاوەکانی تۆ دەترسێم، یوسف، ئاخر من هێزی زوڵەیخام نەماوە، بەرگەی هۆگری ناگرم، باش دەزانم ئەو ترسە هێندەی ترسی بۆمبی ئەتۆمە کە پێشبینی دەکرێ جیهان

25

ویّران بکا، دووقاتی ترسی تیرۆره که نازانی لەکویّ و چۆن پارچەپارچەت دەکا! نازانم چۆن دەرەقەتی چاوەکانت بیّم کە نیشانە لەچاوەکانم دەگریّ و هەرچی تیّیاندایە وردوخاشیان دەکا..

تۆ کیّ بووی؟! ڕووناهی چاوەکانت بردم، مەندایی گیان لەناوەڕاستی دڵم ڕا تا بنی دونیا بیرت دەکەم. بەڵام هەر دەترسیّم لە پیّچەوانەبوونەوەی سوڕی زەمین، لە تاقانەیی تۆ لەناو حەوت ملیارد مرۆڤدا، لە ئەژماردەرچوونی ترپەکانی دڵم ئەو کاتەی دیّی.

26

هاوڕێیەک بە بۆنی عەتر..

هەندێک هاوڕێ هەن وەکو عەتر وان، بۆنی خۆیان بە خۆیانەوەیە، دەبنە پێداویستی لە ژیاندا، چۆن هەر عەترێک بۆنی خۆی هەیە هەر هاوڕێیەکیش بۆنی تایبەتی خۆی هەیە، چۆن عەتری ئەسڵ هەن بۆنیان بەهیچ ناڕواو لەسەر گیان دەمێنێتەوە، هاوڕێش هەن بۆنیان بەهیچ شتێک لەگیان نابێتەوە، گابرێل گارسیا مارکیز دەڵێ (هیچ شتێک لەوە بە

ئازارتر نییە، کە هاوڕێیەتی دروست نەبێت لەگەڵ ئەو کەسانەی دەبنە خۆشەویست و خێزانت)، هەرگیز مەرج نییە ئەو ڕەوە خەڵک و قەرەباڵغیەی دەوری مرۆڤ دەدەن بەناوی خێزان هاوڕێ لەگەڵیان هاوڕۆحی و هاوخولقی بسازێنی و ببنە عەتری ڕۆحت، مرۆڤ چۆن هەموو بۆنێکی لێ ناوەشێتەوە، هەروەهاش هەموو هاوڕێیەکی لێ ناوەشێتەوە..

ئاخر هاوڕێیەتی حاڵەتێکی دەروونی هێندە ناوازەو مەزنە زۆر کەم لەژیاندا ڕوودەدا تا یەکێک

بدۆزیەوە ببێتە هاوڕێی ژیانت، هاوڕێی سەرەڕۆ زۆر ڕێکەوت دەکەی لە ژیاندا، بەڵام هەریەکەیان بەپێی بەرژەوەندی ژیان ڕای دەداو دووردەکەونەوە لێت، بەڵام ئەوەی ئەسڵەکە ئەوە هاوڕێی عەترەکەیە کە هەموو ژیانت بۆندار دەکا.

پاراستنی ئەخلاق لەسەردەمی مۆدێرنەدا

جێگای ئاماژە پێدانە کە لەو سەردەمەدا بەر لەهەموو شتێک ئەخلاق کەوتۆتە ژێر هەرەسێکی ڕەنگینراو، چونکە ئێستا هەتا ئاستی موعجیزەبوون سەمایەداری و پارە کێبڕکێ لەگەڵ ئەخلاقی مرۆڤایەتیدا دەکا، مرۆڤی ئەو سەردەمە قوربانییەکی

مەزنترو بەرەنگارییەکی بەرینتری پێویستە بۆ پاراستنی ئەخلاق، گومانی تێدانییە کە کۆی بزاوتی فیکرو فەلسەفە و ئاین دەرەقەتی ئەو گۆڕانکارییە پڕ ڕەگانەی ئەو سەردەمە نایەنن..

(دەستگرتن بە ئەخلاق)ەوە خەریکە دەبێتە پەروەردەو ڕۆشنبیرییەکی دەگمەن، سەردەمی پۆست ئایدۆلۆژیا مرۆڤی بەرەو هەڵدێرێکی ترسناک بردوەو خستوویەتییە نێوان دووڕیانێکی داپۆشراو بە تەکنۆلۆژیا و زانست، لەگەڵ بەناوکەوتنی سەدەی

بیست و یەکەمین تەکنۆلۆژیا هەڵتەکانێکی بەگوڕو بەهێزی بە سەر ئەخلاقدا هێنا، بۆیە پێموایە لەو سەردەمەدا دەستگرتن بە ئەخلاقەوە پێویستییەکی زۆر گرنگە و یەکە لە ئەرکە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ بە جیاوازی تەمەن و پلەو پایەکانیەوە.

تەوژمەکانی بە جیهانی بوون و سەرمایەداری تەکنۆلۆژیا دەخوازن خەسڵەتەکانی ئەخلاق بەراوەژوو بکەنەوەو لەگەڵ ماف تێکهەڵکێشیان بکەن

و چۆنی بەرژەوەندیان دەخوازێ ئەوا ڕەتوشیان بکەن و دایانتاشتن..

درز تێکەوتنی ئەخلاق گەورەترین پشێوی لە دەروونی مرۆڤدا دروست دەکات، وا لە مرۆڤ دەکا قەناعەتی لەدەستت بدا، خۆپەرستی بگاتە ترۆپک و بکەوێتە ڕاوکردنی نرخ لەژیانیدا بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بۆ بەها بکا..

درزدانی ئەخلاق چەند سەرەیە، جۆرەها ڕوو و جۆرەها شێوازی هەیە، بەڵام سەرەکیترینیان لەبن

تویکڵی نرخ ڕا ئامانجی خۆی دەپێکی و بە تویکڵی نەخشێنراو ڕاوی هەستەکانی مرۆڤ دەکاو زۆر زیتانە خۆی لەگەڵ چێژی مرۆڤ دەسازێنیٚ و جووت دەکا.

دڵژمێری ساڵی ٢٠١٤م

بابەت/ دڵژمێری ساڵی **٢٠١٤**م کاتژمێر/ **٦**ی سپێدە
بەروار/**٢٠١٤/١٢/٣٠** شوێن/ هەولێری پایتەخت

ئەورۆ ڕۆژێک پێش دوارۆژی ئەو ساڵەیە، کە دەزانم لە **٥٢** هەفتە و **٣٦٥** ڕۆژ پێکهاتبوو، من ئێستا دانیشتووی هەولێرم، بەڵام نازانم دڵنیشتووی کوێی

دونیام؟ دەمەوێ بەر لەتێپەڕبوونی ئەو ساڵە دڵژمێری خۆم بەدروستی تۆماربکەم...

لەسەرەتادا بەفەرمی ئەوە ڕادەگەیێنم، کە بەپێی پێوانەی دڵم کە چی ژماردووە، چاوەکانم چییان تۆمارکردووە ئەوە دەنووسم، دەبێت بەڕاشکاوی ڕایبگەیەنم کە سوپاس بۆ ئەو ساڵە کە **٣٦٥** شەوی بە من بەخشی کە لەناویاندا جوان خەوتم و مۆڵەتی دام گزنگی بەربەیانیانی ببینم، بەگشتی ترپەترپی دڵم لە ملیار کەڕەتی تێپەڕاندوەو بەهەزاران جاریش

ڕاچڵەکیوە، پێشێل بووە، کێوماڵ کراوە، چاوەکانم پتر لەهەزاران جار گریاندوون و تروکاندون و ملیۆنان جار تاساون و داتەکاون، سەدان جار پشتگوێ خراون. هەناسەکانم لەقەفەسەی سینگمدا زیاتر کەڵەکە دەبن و بەرزو نزمی هاتوچوونیان پەستانێکی نائاسایی دروست کردووە، نەفەسەکانم لەترسی ژیانی ئاڵوودەبوو، سووڕی هەڵمژین و دەردانیان کەم بووە.

پەنجەکانم پتر لە سەدان جار بۆ پێنووس دانەویون و لەگەڵی سەرکێشیان کردووە، پێنووسەکەمیان پەنجە بەسەرکردووە، هەزاران جار پێنووسیان لەناوخۆ گرتووە، بەسەدان واژۆیان لەسەر تەناهی و دەرخستنی ڕاستییەکان کردووە.

ڕۆژەکانی ئەو ساڵە بەدەیان جار تەنیویانم، بڕیویانم، هاڕیویانم، سویویانم، دایانتەکاندووم و دەیان تاڵەموو تاڵەبرۆو برژانگیان هەڵوەراندووم، سەدان خڕۆکەی سپی و سووریان وشککردووم و

تەزاندووم، سەدان هۆرمۆنیان تێکداوم و چەندین ڤیتامین و دەیان ڕژێنەو خانەیان شێواندووم.

دڵ لەو ساڵەدا چەندین جار درزی بردووە، سەدان ڤایرۆسی کوشندە دزەیان بۆناو کردووە، لەترسی بەزین سەدان جار، دژە جوڵانەوەی واژۆکردووە، دەیان جار سەرانەی پەسەندکردووە.

دڵ مۆڵەتی نیشتەجێبوونی بە دەیان ئەستێرە و کەس داوە، پەنجەمۆری بە هەزاران وشەو پۆلەهەوری نوێ کردووە، بەنوێنەرایەتیم چەندین داوای

ئەڤیندارى، عەشقى سواوى ڕەتکردۆتەوە، مافى سەرى بەخۆى و دڵبەخۆیى بەخشیوەتە چەندین دۆست و هاوڕێ، پشتەوانەى یاسایى داوەتە سەدان وشەو بەسەدان بزەى شیرینى خەڵات کردووە.

وا پێشبینى دەکەم هەر لەو ساڵەدا دڵم ڕووبەرى سەدان کێلۆمەتر دووجا فراوان بووە، بەپۆل باڵندەى جوان، وشەى سەرکێش، ئۆقیانووسى لەناوخۆیدا کەوى کردووە، نە پۆزش و نەسازشى لەسەر دڵ پەسەند کردووە، گەورەترین بەنداوى عیشقى

لەناوخۆیدا چێکردووە، دەیان ئاڵای جوانی هەڵداوە، لەگەڵ سەختترین لوتکە دانوساندنی کردووە.

دەزانم ساڵ نوێ بۆتەوەو منیش کۆن، ئەو ژمارەیەکی زیادکردووەو منیش ژمارەیەکم کەم کردووە، وەکو شەمەندەفەر تیژ بەتەنیشتمدا تێپەڕیوە، هێز و گەشی و ترپەی دڵی من نا، هی هەزارەها مرۆڤی لەگەڵ خۆی بردووە، ئەو ڕۆیشتووە دڵنیام ناگەڕێتەوە چەندین تاسەو بیرەوەری و یادگاریمی لەگەڵ خۆی لوول کردووە،

که هەمیشە دوعاخوازبووم لەناویاندا چەقببەستم و بمەیێم یا هەرنەبێ جارێکی دی بتوانم بەناویاندا تێپەڕمەوە، ئەو چەند شەقامی جوانمی لەگەڵ خۆی ڕادان و بزرکردن، چەندین هێماو خەتی تەڵخی بەسەر داهێناوم و لێی سڕیومەتەوە.

هەمووومان دەبێت دانی پێدابنێین کە ساڵ چی لێ زیاد کردووین و چی لێ کەمکردوینەتەوە، بۆ من لەسەرەتادا هەموو دەرئەنجامەکان وایدەردەخەن کە لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕێژەی قوربانیدانم بۆ کوردستان

هەر لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە و هیچی کەم نەکردووە، تەوژمەکانی دڵم لەئاستی دەریا دەهێندە بەرزتر بوونەتەوە. سوپاس بۆ ئەو ساڵە کە لەناو خۆیدا بە ڕەنگ و سروشتی خۆم دەورەیدام و پاراستومی نەیهێشت لەسەر تەختی نەخۆشخانەیەک چاوەڕێ بمێنمەوە یا لە سەر تەختی شێتخانەیەک ببەسترێمەوە، بچمە سەرەی ئارایشگایەکان، بەر ئاوێنەی پزیشکی جوانکارییەکان، هەلبچۆقێم لەبەر جامخانەی زێڕینگەرو دوکانی مارکەکان تا خۆم ببینمەوە.

دڵ، شەپۆلەکانی خۆشەویستی لەناویدا لەڕادەی ئاسایی تێپەڕی کردووە، چاوەکانم ڕێژەی خوماری و تیژی هەنگاوتنیان دووهێندە بڵند بووە، زمان بە سەدان وشەی نوێی پاڵاوتوەو داڕشتوەو پڕشنگدار کردووە.

هزر بەهەر چوارلایاندا بیرۆکە و پڕۆژەی ناوازەی لەبێژینگ داون و تۆمارکردون، ڕێژەی سروشتم هەر وەکو خۆی نەگۆڕەو ژنێکی باڵندە سروشتم و لەگەڵ مرۆڤەکان بەترسەوەو کەم نزیکیم کردووە، کێوی

بوونم لە ئاستی خۆیدا چەقی بەستووە، تەنهاییم دووبەرابەر هەڵکشاوەو بەرین بووە، ڕۆحم دووقات شیلەی دەرداوەو بەبڕشتر بووە، قاقایەکانم هەر بە گەرمی مامناوەندی خۆیان ڕوخساریان نەخشاندوم.

وادیارە ساڵ نیشانەی لێگرتبووم و بە دڵی خۆی پێکاومی، چۆنی ویستوە لەوێ ڕایوەستاندوم، چۆنی خواستوە وا هێمای چەوتی بەسەردا هێناوم، سەدان هەست و خەندەی پاکتاوکردووم، دەیان ئابلۆقەی بەسەردا سەپاندوم، دابەشیکردوم بە سەر چەند

ئەستێرەیەکدا، چەند ئەستێرەی تێدا خامۆش کردوم، هەموو پیلانێکی بۆ وەرگەڕان لەخەتی خۆم، لە ڕێگای خۆم بەمەبەستی بوونم بەژنێکی گشتی لەسەر تاقیکردومەتەوە.

لەو ساڵەدا بەڕاست و چەپدا خەم هێرشیان بۆ هێناوم، پلەی گەرمیم بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بەگشتی قاقایەکانم کەمیانکردووە، هیوایەکانم مۆرانەیان تێکەوتوە، تاقە ئومێد کە ماومە ئاستی هاوسەنگیم، هاوڕەنگیم، هاودەنگیم لەگەڵ مانگ،

گۆڕانکاری بەخۆیەوە نەدیوەو جێگیر بووە، لەگەڵ گوڵەکان سەرم پێکەوە ناوەو سەبرهاتنم بە باڵندەو ئەسپەکان دووقات بڵندبووە.

ئەو ساڵە سەدان جار خستومیەتە دەنگدان، چەندین جار ڕاپرسی لەسەر کردووم، چەندین بڕگەی هەموارکردوومەتەوە، چەندین یاسای هەڵوەشاندومەتەوە، بەسەدان شێوە ڕوپێوی کردوم، بەدڵی خۆی بژاری کردووم.

لەو ساڵەدا تا لووتکە بەرەنگاریم کردووە لە دژی خۆبەدەستەوەدان، نە بیرم بە دەستەوەداوە نەدڵم، نە چاوەکانم، نە باوەڕەکانم، نە سەرکێشییەکانم، نە وەفادارییەکانم، نە ڕایە بێ ڕکابەرەکانم.

لەکۆتایی ساڵی **٢٠١٤** ئەو دڵژمێرییەی تۆمارکردووە، بەڵام نە سەرژمێری گشتی نەپێشبینیەک نەئاگادارکردنەوەیەک نە هێڵی سور، نە ئامارێک نە نەخشەیەک نە ڕاپرسییەکم بۆ پێشنیارکراوە! دڵ هەروەکو خۆم تاق و تەنیا چەقی بەستووە..

خووە خۆشەکانی خۆم

هەموو ئێواران دووسێ جار هەر سەیری ئاسمان دەکەم، تا مانگ نەبینم ئۆقرە ناگرم، نەرم نەرم گوێ بۆ دەنگی گرامەفۆنەکەم ڕادەگرم، گرنگ نییە چەند لێم دووری، هەر لەگەڵ تۆ گەرم پێدەکەنم و چەند دوعات بە بادا بۆ ڕەوانە دەکەم، دەبێت دەست لە پەلک و گەڵای هەر درەخت و گوڵێک بدەم کە لەسەر

ڕێگامن و دڵنەواییم دەکەن، هەمیشە مۆم لە تەنیشت خۆم پێدەکەم، دووسێ جار وەک فڕفڕۆکە دەورو خولی پێنووسەکەم دەدەم، هەر باڵندەیەک ببینم سڵاوی لێ دەکەم، تا ئەستێرەیەک ببینم چەندجار خۆم ئاودیودەکەم، چەند تەشقەڵە و شەڕی لابەلاش بە هاوڕێ شیرینەکەم دەفرۆشم، تا کتێبێک لەباوەش نەگرم سەبر ناگرم و سەد گێچەڵ بەخۆم دەکەم، دەجار مان دەگرم لەخۆم، سێ چوارجار عەتر بە خۆمدا دەپڕژێنم، لەگەڵ یەک دوو ڕستەی جوان

50

سەرەتاتکێ دەکەم، هەر جارێکیش بێت، بەدڵ هاژەهاژ بۆ سەرچاوەکەم دەکەم و هەموو وشەکانمی لەگەڵ بەش دەکەم. دونیا لەسەر نەخشەی چاوی تۆ چێدەکەم.

ژوورێک بەتامی قەیسی نا بەتامی دونیا

گرنگ نییە چەند کیلۆمەترت لەو دونیایە بەناوەوە بێت گرنگ ئەوەندە مەترەیە دڵت لەناویدا خۆش بێت، ژوورەکەی لەندەنم دووونیو بە سێ مەتر بوو، بەڵام هەمیشە دونیا بەگەورەیی خۆی لەگەڵم لەوێ دابوو، ئەی ئەگەر لەوێ فێری قەناعەت بووم فێری ئارام گرتن بووم فێری بەرگەگرتنی ئازار، فێری

جۆرەها بەرەنگاری فێری جۆرەها نەبەزین و فیداکاری، هەر لەوێدا فێری زمانی ئینگلیزی بووم فێری ناسینی چەندین نووسەری مەزن و جوان بووم، ژوورەکەم پڕ بوو لەوانەی خۆشمدەوێن هەر لەکتێب و وێنەو تابلۆ و گوڵ و بخور و مۆمی جوان جوان، لەو ئاوێنانەی ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆم وەک ژنێکی ڕەسەنی کوردیان نیشاندەدام، لەگەڵ ئامێرێکی چاپی دەستی و دەستە پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ بۆئەوەی هەمیشە مەشقم بدەن بۆ نووسین، کۆمەڵێک سیدی

کلاسیکی وەک سەید عەلی ئەسغەر، خالقی، ئەحمەد شەماڵ، عەلی مەردان، سەڵاح داودە، ئیدێف پەیاف، فەیرۆز، فرانک سانتا، نینا سایمۆن، هەر هەتا ڕۆحم وشک هەڵنەگەڕێ لە تەنهاییان.

هەر لەو ژوورەمدا تێگەیشتم کە تەنهایی چەند پڕوکێنەرو چەندیش بنیاتنەرە، چەند ترسێنەرو چەند ئارامبەخشە، جۆرەها تەنهاییم تاقی کردەوە و تەنهایی تایبەت بەخۆمم مۆرکرد، هەر لەوێڕا فێربووم نابێ ڕاوەستی تا باڵت دێت، نابێت هەموو

شتێک پەسەند بکەیت ئەگەر نا، ناوی خۆشت لێ زیاددەبێت. هەر لەوێدا ئەستێرەکان مەشقیان دام لەسەر بەردەوامبوون لە تروسکان لەسەر بزربوون و سەرهەڵدانەوەی بەردەوام، لەسەر هاوەڵبوون لەگەڵ هاوخاسییەتەکان.

من هەمیشە چێژی خۆم دەپارێزم، نە تەماشای هەموو شتێک دەکەم نە گوێ لە هەموو کەس دەگرم، بۆ من ئەو ژوورە تامی دونیا دەدا، چونکە هەرچی دڵ خواستبای هەمبوو، هەر لە پەنجەرەیەکی جوان

که پیره درەختێکی لەبن بوو بەسەدان باڵندە هەمیشە لەسەر وی ڕا ئاگایان لەمن بوو، ئارامییەک کە کەم جار لە دونیا بەدی دێت، ئێواران بە کەشێکی دڵاڕام سڵاوم لە گڵۆپە زەردەکانی سەری کۆڵانی دەکرد و شەوانی بەفرانبار تا نیوەشەوان سەرم بە شوشەی پەنجەرەکەم دەکردو دونیام لەگەڵ کڵۆ بەفرەکان ئاڵوگۆڕ دەکرد، لەبەر مۆمە بۆن لاڤەندەرەکان زۆر جاران لاپەڕەکانی مەولەوی و ئەحمەدی خانی و دریداو کۆندێرام هەڵگێڕو داگێڕ دەکرد، من قەرزاری

ئەو ژوورەم، بۆیە دڵنیام هیچ گرنگ نییە چەند مەتر لەو دونیایە بەکاردێنی، گرنگە چی تێدا بەرهەم دەهێنی، چونکە گۆڕیش هەر ئەوەندە ڕووبەر بە مرۆڤ نادات.

هەر لەو ژوورەمدا بە ڕێکەوت گڵۆپ پێ دەکرا، چونکە هەر بەگشتی حەز لە ڕووناکییە دەستکردەکان ناکەم، هەمیشە خوێندنەوەی بەر لامپا و مۆم زۆرتر ئارامیم پێدەبەخشن، ڕێگەیەکن بۆ بینینی شتەکان بەڕەنگی ڕاستەقینەی خۆیان،

هەروەها جۆرەها ڕۆنی ئارامبەخش کە مۆمم لە ژێریاندا داگیرساند، هەم بۆن و هەم ڕووناکی تێکەڵەیەکی هاوسەنگی ڕۆحییان نەخش دەکردم.

ژوورەکەی هەولێریم سێ بەچوار مەترە، ئەوە بەڕەسمی حاڵی حازر پایتەختی منە، ڕاستە هێشتا کوردستان سەربەخۆیی ڕانەگەیاندوە، بەڵام لە ژوورەکەی مندا لەو ڕۆژەوەی گەڕاومەتەوە بە فەرمی سەربەخۆیی ڕاگەیاندراوە، ئەو ژوورە سەر بەهیچ کەس و لایەنێک نییە لەخۆم زیاتر، لەو

ژوورەدا خزمەتکردنی کوردستانم دەسپێکردووە لەو ژوورەدا دەیان کتێبم خوێندۆتەوەو چەندین بەرهەمی جوانم نووسیوە، ئەو ژوورەشم زۆر تایبەتە، چونکە کارخانەی منەو کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە دروستکردنی من، لەو ژوورەدا بە کاتژمێر بەدوای وشەیەک دا دەگەڕێم، سەدان جار ڕستەیەک هەڵدەوەشێنمەوەو دایدەڕێژمەوە، بە کاتژمێر زەینم دەفڕێتە سەر لوتکەیەک، ڕەنگی تاوسێک داگیرم دەکا.

لەو ژوورەدا سەرەداوی دەیان خزمەت بەکوردستان لەناو سەرمدا پرۆشە دەکا، هەر تاوناتاوێک دڵم سەد پەنجەمۆر لە پاراستنی خاکی کوردستان دەدا، لەو کارخانەدا هەرگیز وشە دانانەوێت، شکۆی ناشکێنرێت، نرخی ناشێوێت، زۆر بەئەمانەتەوە لە جێگەی خۆی دادەنرێت.

من دەزانم ڕۆژی چەند جار لە چەند لایانەوە خاکی کوردستان پێشێلدەکرێ، چەندەها جۆرە سیخوڕی تێدەزێ، بەڵام سنووری ئەو ژوورەم کە

کارخانەی منە، سنووری گیانی منە، نە هیچ بێگانەیەک پێی تێدەنێ نە هیچ بەکرێگیراوێکیش تێیدا نیشتەجێ دەبێت نەهیچ مرۆڤێکی گشتیش بۆی هەیە لە قەرەی کەوێت و سنووری ببەزێنێت.

لەو ژوورەمدا دەنگێک نایەت جگە لەدەنگی نەرمی خۆم و دەنگی گرامەفۆنەکەم کە لە تەنیشتی گرامەفۆنەکەم جۆرەها قەوانی کلاسیک، جاز، هەڵچنراون.

من زۆر لە ژاوەژاوەکانی دونیا دەترسێم لەهەموو ئەو دەنگانە دەترسێم کە وەکو شەقامی گشتیم لێدەکەن، لە تیڤی و ڕادیۆو هەموو ئەو ترومبێلانە دەترسێم وەکو شێتخانەی گشتی قەرەباڵغ دەکەن، ئاخر من هەرگیز ڕێگە نادەم هەموو کەس بەویستی خۆی بەناو شەقامەکانم بکەوێت لە باخەکانمدا درەختەکانم ڕاوەشێنێت، هەرچی بیەوێت لەناو مندا تاقی بکاتەوەو تا سەرئەنجام بمکاتە سەرانگوێلکی گشتی و بەجێمبهێڵێت، هیچ دەنگێک بەبێ خواستی

خۆم ناتوانێ چێژم بشێوێنێ و ڕۆژانە سەد جار وەکو ئەمبولانس و ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە بەناومدا تێپەڕێت یان وەکو مزگەوت بڵندگۆم لەسەر دابنێن..

ژوورەکەم ڕووی لە قیبلەیە بۆیە بە یەکەم گزنگی سبەینان چاوهەڵدەهێنم، یەکڕاست ئومێدی سەلامەتی بۆ هەموو زیندەوەرەکانی سەرزەمین دەخوازم بەگوێکردن لە مۆزیکێکی نەرم هێور هێور پێ دەخەمە ناو بەیان و جووڵە دەست پێدەکەم، یا لەبەر

لێوەکانمەوە گۆرانییەک لە دڵڕا بۆ ژیان دەچڕم.

بۆ من هەرگیز ڕووبەری شوێن گرنگ نییە، هێندەی ڕووبەری دڵ، هەموو شتێکیش لە ڕووبەری دڵی خۆمڕا تەماشا دەکەم، ئێستا پاراستنی هێمنی ئەو ژوورە لە ئەستۆی منە، من بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادەم شێوە ژیانی بەدەڵی شێوێنراوی کوردستان بخزێتە ناو ژوورەکەم، چونکە من نە مەکینەی حیزبایەتیم، نە دەستاڕی نووسەرانم، نە داوەڵی میدیام، نە بوکەبەبارانەی کۆمەڵگام، نە تووتی دادگا،

ئەگەر خوانەخواستە هەر یەکێک لەوانە بەناومدا دزە بکا ئەوا گەورەترین درز لە پاکی و دونیا گچکەڵەکەم دەخا، بۆ ڕیزی گشتی بوون پەلکێشم دەکا.

هەر لەو ژوورەشمدا هەموو ئەو شمەکانەی خۆشمدەوێن و کەیفم سازدەکەن چواردەوریان داوم، هەر لە کتێب و دیوانەکانی وەفایی، مەولەوی، ئەحمەدی خانی، نالی، کوردی، مەسعود محەمەد، شوکر مستەفا، مەحموود زامدار، سابیر هاکا، مەولانا، جوبران، نزار قەبانی، چەندین کتێبی

ناوازەی تر لە کتێبخانەیەکدا بەرامبەر جێگای نووستنەکەم هەمیشە لێم دەڕوانن، دووفەرشی سونەتی پڕ لە باڵندە کە هەم بۆ یۆگاکردن هەم بۆ دوعا خوێندن هەم بۆ شیعرخوێندنەوە چوارمەشقی لەسەریان دادەنیشم کە بە ڕەنگێکی سورو زەردی تۆخ و لەنێوان سیسەم و کتێبخانەکەمدا ڕاخراون.

ژوورەکەم هیچ کاتژمێرێکی تێدا نییە، چونکە من دژە پێوانم، کە دێمە ئێرەش نامەوێ ببمە دیلی ئەو دوو میلەی بەسەر چەند ژمارەیەکدا دەسوڕێنەوە بە

دڵـی خـۆی لـە تەمـەنی مـن کەمکاتـەوە، نامـەوێ ئـەو چرکە چرکە ببیستم و بەبیرم بێنێتەوە کە مـن چـرکە لەدوای چـرکە بەسەردەچـم، نامـەوێ تـا چـاو هـەڵێنم ئـەو نیشـانم بـدا کـە زۆر درەنگـە، زەحمەتـە بـەهیچ شتێک ڕابگەم و ژیان خەریکە بەجێمدەهێڵێ.

هەر لەو ژوورەمدا کورسییەکی قەدیفەی گوڵگوڵی سور هەیە، ئەو کورسییە تاقە کورسی ڕاستەقینەی دونیـای خۆمـەو سـەربەخۆمە، نـە لـە هـیچ کەسـم وەرگرتـووەو نـە لەکەسـەوە بـۆم بـەجێماوە،

نەدەسەڵاتی حیزبی، نە حکومی، نە ڕۆشنبیری، نە کۆمەڵایەتی بۆی ڕەخساندووم، ئەوە تاکە جێگەیە کە پڕ بە شکۆی خۆمە، چونکە کاتێک لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشم بە پۆل هزری جوان خۆیان بەناو سەرمدا دەکەن، بە ڕەوە وشە وەک پەپوولە چواردەورەم تەوقدەدەن، لە دڵم زیاتر کەسی دیکە بۆی نییە فەرمانی هەستانم پێبکا. هیچ ئەرکێکم بەسەردا بسەپێنێ، کەس ڕێگەپێدراو نییە ناچاری ملکەچبوون و دانەوان و سازشکردن و بێدەنگ بوونم

بکـــا، کـــەس مـــافی ئـــەوەی نییـــە بڕیـــاری پێنـــووس بەســـەرکردن و پێنـــووس شـــۆڕکردن و پێنـــووس کـــپ کردن و پێنووس داگرتنم بـۆ دەرکـا، بـە مۆڵـەتی هـیچ کەس لەسەری دانانیشم و هەڵناستم، تاکە جێگەیە کـە لەسەری وەکو دەریا دەستەمۆدەبم و ئۆقرە دەگـرم، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دڵم پڕ بە خۆی خڕۆکەی سـور دەرکا و پشوی ڕەسمی بۆ هەموو جەستەم دەربکا.

لێرەدا جۆرەها دەریاو زەریـا مـاڵی کـراوە، چـیاو لوتکـــەی ســـەخت مـــافی نیشـــتەجێبوونیان

پێدراوە، لەو ژوورەدا پلەی گەرمی دڵم هێندە بڵندە مانگ و ساڵ تێیدا بەهەڵم دەبن هیچ هەست بە تێپەڕبوونی تەمەنم ناکەم، چونکە هێندە ئەو سەرقاڵییەم خۆشدەوێت کە بۆ خزمەتکردنی ئەو نیشتمانە هەمەو هێندە سەرگەرمی ئەو قەرەباڵغییەم کە ڕۆژی بەدەیان وشە بەناوم دەکەون و هاتوچۆم پێدادەکەن. لەو کارخانەمدا دڵ ڕووبەری دە بەرابەر فراوانبووە، ڕۆژانە بەپێی فراوانبوونی سنوورەکانی ئەرکی نوێی پێ دەسپێرم.

دونیا بە دەنگی شەکری تۆوە

هەر یەکێک لەو ژیانەدا دەنگێکی تایبەتی پێویستە هەتا ژیانی پێ پڕ جۆشوخرۆش کا، گەرم گەرم ئینێرژی و وزە بە دڵی بدا، بەسەرپێوە ڕایوەستێنێت و بەبێ وەستان جووڵە بەدەستەکانی بکات، لە هەڵدێران ڕزگاری بکا، لە ئاسمان ڕا پشتیوانی بکا.

بۆ من ئەو دەنگە شەکرە بەسەعات بەرامبەری

تابلۆیەک ڕامدەگرێ، گوێم پێ لە حەیرانێک، سیمفۆنیایەک، گۆرانییەکی شیرین ڕادەگرێ، لەناو چەندین کتێبی جواندا لەنگەرم پێدەگرێ، لەگەڵ دەیان دوعای پاک باڵم پێدەگرێ، سەدان وشەم پێ بروسکە دەگرێ، پێنووس لەناو پەنجەکانمدا ڕادەگرێ، هەر لە شیرینی ئەو دەنگە، پێکەنینە گەرمەکەم وەکو کەفی دەریا سپی جەستەم دادەگرێ، چاوەکانم لە ئاپۆرا دادەبڕێ، هەتا نەمکاتە شەربەت ئامانی لێ نابڕێ.

بەتەنها شیعر ناهێڵێ ببەزم

ماریۆ ڤارگاس یۆسا دەڵێت (بە هۆی شیعرەوە دەتوانین چەند جۆرێک لەژیان بژین) منیش دەڵێم (بەهۆی شیعرەوە دەتوانین دەستبەسەرو بیربەسەرو دڵبەسەر نەبین) هەمیشە ئەو هەستە ناهێڵێت ببەزم کە بەشیعرەوە چەندە مرۆڤم، ژنم، جوانم، ڕەسەنم، پڕ شکۆم، بەبەردەوامی لەخۆم دەپرسم ئەگەر خاوەن ئەو بەهرە ناوازە نەبام، دەبوو جێگام لە کوێ

بوایە؟! چۆن ژنێکی ڕواڵەتی بام کە تاکە خەونم ئەوەبوایە کە پیاوێک بە جوانم بانگ بکا و وەک دەزگای خێرخوازی بەخانمی خۆیم ناوزەدبکا؟! یا تا دەمردم سەوداسەری خۆ ڕازاندنەوە بە کەوش و پۆشاکی مارکەدار بام تا هەستم کردبا نرخم پێیان زیاد دەکا! یا وەکو مەکینەیەکی بەرهەمهێنان تاکە هیواو کارم خێزان و منداڵ دروستکردن با ! یا سەردانەوانم بۆ سەدان مرۆڤی گەمژە پێ سەرەکیترین ئەرک با، یا بەزینم پێ تاکە چارەنووسی

خۆم بوایە، یا خۆم وەک ژمارە دوو، لە ڕیزی دووەم قبوڵکردبا، یان لە مردنیشدا پاشکۆ بوونم پەسەندکردبا. یان هەمیشە دڵم جڵەوی ژیانمی بەدەستەوە نەگرتبا، یان دڵم بە نوێنەرایەتی کردنم لەو ژیانەدا ڕازی نەبوایە.

بەڵام هەر شیعر نەیهێشت هەست بەکەمی بکەم، نەیهێشت ئازاری کوشندە بمژاکێنێ، شیعر نەیهێشت قاقایەکانم سارد ببنەوە، ڕێگەی نەدا غەریبی و تاراوگە ڕەنگم بگۆڕێ، بۆنم بگۆڕێ، چاوڕوونی کردم

و نەیهێشت ون بم، ڕێگەی نەدا لێڵ بم، شیعر لە ماڵی بوون قوتاری کردم، تاکە تاج بوو لەسەرم نا، بەهێزترین دژە بەزین و دژەگشتی بوون و دژە سوان و دژە پیری بوو بۆ من، هەر شیعر بوو دڵی پاراستم، لە پیس بوون و لە سیس بوون و لەداوەستان، لە ڕاوەستان، لە گلان، لەدانەوان.

شیعر جۆرەها بەرگری فێرکردم، ئاڵای لەسەر هەڵدام، شیعر نەیهێشت هەرگیز بە چۆکدابێم ، ڕێگەی نەدام لەنگەر بگرم، نەیهێشت ژنێکی خاڵی بم لەو

ژیانەدا، پاراستمی لە دڵ بەبەدەڵی، لەدەستبەدەڵی، لەبیربەدەڵی، پڕ بەدڵی خۆم دونیای لەناومدا کەوی کرد، هاوڕێیەتیمی لەگەڵ ئەستێرەکانی ئاسمانی دروستکرد.

ئەی خودایە ئەگەر شیعر نەبا، دەبوو لەو ژیانەدا چەند ڕەتەڵم بردبا، چەند گەمژەم پێ سەرکردە با، چۆن نرخ و بەهام لێ تێکەڵبووبا، چەند جار دڵم سەرچیغ ڕۆیشتبا، چۆن وەک ڕووبار بەگێژەنێک ژیانم شڵەقابا، وەکو نێچیر دڵم لەتەڵەی سەدان مرۆڤی بودەڵە کەوتبا.

ئەی ئەگەر ژیانم تەواو لەو بەهرەیە خاڵی با، دەبوو چەند ڕێگام لەو ژیانەدا هەڵە کردبا، چۆن چاوەڕێی ئافەرینی ئەو کۆمەڵگەیە، منی زیندە بە دزێوی کردبا، ژیانم بەچەند جۆرە ملکەچی تەوقدرابا، چاوەکانم چۆن خاڵی لە شکۆ بان، چۆن ژیان لە ناو یەک پیاو و یەک نیشتیماندا منی ئابلۆقە دابا، ئەگەر شیعر نەبا چۆن وشەکانم وەکو مۆم داگیرساندبان، چۆن لەناو هەر وشەیەکی جواندا خۆم بەدڵی سەدان عاشقدا کردبا، دەبوو ئەو ژیانە

تاڵە چۆن چۆنی دڵمی پێشێل کردبا، وەک ژنێکی بن نایلۆن دڵم ژیان و شمەکە بەنرخەکانیان پێوانەکردبا، نە ڕەنگی با نە بۆنی باران ڕێکەوتی ناو سینگمیان نەکردبا ..

ئەی خودایە بەشیعرەوە چەند نازدارم، چەند ڕەنگینم، چەند سەنگینم، بە شیعرەوە هەست دەکەم هەمیشە ژیان چاوەڕێی ئامێزمە، مانگ لەناو دڵمدا هەست بەتەناهی دەکا، ئەستێرە نەماوە لەو ئاسمانەی کە داوای هاوژینیم لێنەکا، ڕووبار بە

سەرچاوەی خۆیانم ئەژمار دەکەن و چیایەکانیش سەرەیان گرتوە لە چاوەڕوانیمدا..

دەبوو بەبێ شیعر ناوم لەکوێ نوسرابا؟! لە پشتی ناسنامەو پاسپۆرتی پیاوێک، لە ڕەچەتەی ئارایشتگایەکان، لەسەر تابلۆی ڕێکلامی کەوش و ترۆمبێلەکان، لە ناو لیستی پزیشکی جوانکارییەکان، لەسەر ڕەچەتەی ڕێجیمی لاوازی و سەعاتە مارکەکان، لەلیستی چاوەڕوانی بەکرێگرتنی ژنە خزمەتکارە ئاسیاییەکان، لەلیستی فەرمانبەرە

فەرمانپەرستەکانی دەوڵەت، لە لیستی شاراوەی قاچاخچییەکانی سیاسەت بۆ پۆستەکان، لەسەر ڕەچەتەی زێڕینگەرو قوماشە گرانەکان، ناوی خۆم ڕێکەوتکردبا.

شیعر جۆرەها مەشقی پێکردم، مەشق لەنێوان مەرگ و ژیان، مەشقی ڕەوشەن بوون، مەشقی دژە ملکەچبوون، مەشقی بە خۆماڵیکردنی ئازادی و ئازار، مەشقی سەربەخۆبوون، مەشقی پێداگرتن، مەشقی نەسرەوتن، مەشقی بەرەو ترۆپک سەرکەوتن، مەشقی

دڵ خواستنم به هەموو ناوک و توێکڵەکان.

شـیعر ناهێڵێـت ببـەزم، دانـەوێنم، سازشـبکەم، دڵ هەرزانفرۆشکەم، زمـانم دەسـتەمۆ بکـەم، دانوسـاندن لەسـەر نـاوازەیم بکـەم، درز ببـەم، کـەڕو دەرکـەم، لـەخۆبایی بم، پێکەنینـە خۆڕسـک و دڵـە ئاوەڵایەکـەم بەهیچ نرخێک ئاوەژووکەم.

هـەر بـەهۆی شـیعرەوە لـە ڕێگـای گشـتی، مـافی گشتی، خەونی گشتی، یاسای گشتی ژنانـدا هـەڵبڕام و تـەنها مامـەوە، شـیعر چ تەنهاییـەکی جـوانی وەکـو

دیاری پێبەخشیم، شیعر پاراستمی لەوەی ناوم بەتەنها لەسەرپشتی کێڵی قەبرەکەم نەچەسپێ و ناوم گواسترایەوە سەر پشتی چەندین کتێبی جوان، شیعر ویستی ناوم قەتیس نەمێنێ لەناو میراتی تاکە خانەوادەیەک، دووباڵی نەخشینی پێبەخشیم بۆ فڕین لەناو ئاسمانی نووسین.

خودایە سوپاسگوزارم کە بەو بەهرەیە پیرۆزت کردووم، کە هەمیشە وەک پەپوولەیەک هەست دەکەم هەم تەمەنم کورتە هەم ژیانیش کورتە.

خودایە سوپاسگوزارم کە نەبەهیچتەوە گرێدام، نە

هیچت پێوەلکاندم، نە لێت کەمکردمەوە، نە لەخۆم زیاترت بەسەردا سەپاندم، ڕوخسەتت دام لەو ژیانەدا دروست وەکو خۆم بمێنمەوە، هێندەی توانای خۆم پێ هەڵێنم، پڕ بەدڵی خۆم بنووسم، بە ڕەنگی تۆخی خۆم بمێنمەوەو بە هیچ کاڵ نەبمەوە.

خودایە سوپاسگوزارم کە گەورەترین سامانی ئەو ژیانەت پێبەخشیم و بەو هەموو ئەو وشانە پشتڕاست و سەرڕاستت کردم، بە ناوی ساماندارترین ژنی دونیا لەدڵ و وشەدا بانگت کردم، ئەرکی نوێنەرایەتی مانگت لەسەر زەمین پێ ئەسپاردم.

کەوتنە ژێر هێڵی سفری متمانە

لەو ڕۆژگارە چ پێوەرێک دروستە بۆ ئەوەی متمانە بە کەسێک بکەی و وەکو هاوڕێ ناوزەدی بکەی، لەکاتێکدا کە هەموو تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بەهۆی بەرژەوەندییەوە لە ژێر هەڕەشەی لەناوچووندان، ئەی ئەگەر کەسێک بەیانی زوو لەخەمی لێدانی گەرمی دڵت نەبێ و بە زەنگێک بەخەبەرت نەهێنێ و لە ناوەڕاستی ڕۆژدا دووبارە

لەهەر کوێی دونیا بێت لەهەر کارو سەرقاڵییەکدا بێت بە مەسیجێک لە درەوشانەوەی چاوەکانت نەپرسێ و بەر لە نووستنی شەوانەش بەدەنگی جوانی ژیانت ئاوەدانکاتەوە شایانی ئەوەیە ناوی لێ بنێی هاوڕێ؟! مرۆڤ دەکرێ ئەو چاوەڕوانییەی لە دۆست و هاوکارەکانی نەبێت، بەڵام ئەوەی لەو ڕۆژگارەدا دەچێتە ژێر پێناسەی هاوڕێی دڵسۆزو نزیکەوە، دەبێت هەڵگری ئەو خاسیەتانە بێت.

لەسەر پردەکەی لازۆ...

کەم نووسەری ژن هەن بتوانن پردێک لەنێوان هەستی ڕاستەقینەی خۆیان بەبێ ڕتوش و ئەدەبەکەیاندا دروست بکەن، ژنانی نووسەر لەهەر کوێی دونیا بن خاڵی وەیەکچوونیان زۆرن، جودا لە هونەری زمانزانی، لە ڕاستیدا من زۆر کەم شیعری کوردی دەخوێنمەوە بێ لە شیعری کلاسیک و عیرفان

و ئەو شاعیرانەی دەیانخوێنمەوە زۆر کەمن، چونکە هەمیشە چێژی خۆم دەپارێزم و ڕێگە نادەم بە بابەتی پوچ چێژم بشلەژێنم. لازۆ یەکێکە لەو ژنە شاعیرانەی دەمێکە بە بەرهەمەکانی ئاشنام و بەتاسەوە چاوەڕێی بەرهەمی نوێی دەکەم، من بەدڵ دەخوازم لەسەر ئەو دەقانە بنووسم کە سەرنجم دەهەژێنن و چێژم هەڵدەکشێنن، بەڵام پێموایە لەسەر نووسین و هەڵسەنگاندنی دەقێکی ئەدەبی پێویستی بە شارەزایی هەیەو من دەترسم خۆم لەقەرەی بدەم، بەڵام لە یەکێ

لە ژمارەکانی ڕەخنەی چاودێردا چاوم لەو دەقە جوانەی لازۆ هەڵەنگوت بەناوی (وێنەی ژێر پردەکە) لەگەڵ خوێندنەوەیدا چەند جار ڕامام، پێکەنیم، سەرم بڵندکرد، دەستخۆشیم لەبن لێوەکانمەوە بۆ ڕەوانە کرد کە دەڵێ:

وێنەیەکم بۆ بنێرە
بە دەستلێدانی پەنجەکانم گەرم بن
وێنەی برژانگ و چاولێکنان
وەک نیشانەی داواکردنی ماچێک

وێنەی لێدانی دڵت، توندو بەهێز
وێنەی ئەڤینێکی پیاوانەو خۆڕاگر
وێنەی شانە ڕووتەکانت
کە خەمی منیان هەڵگرتووە...

دەمەوێ بڵێم شاعیری سەرکەوتوو سەد لە سەد وێنەگرێکی سەرکەوتووە، لازۆش زۆر نەرم و ژنانە کلیکی لەسەر ئەو جووڵە ناوازانە کردووە کە زور ئەستەمە مرۆڤی سادە بیانبینێ و هەستیان پێ بکات. بۆیە وا پێدەچێ، لازۆ لەسەر پردی داهێنانە، ئەگەر

نا، نەیدەتوانی ئەو هەموو وێنە جوانانە وەرگێڕێتە سەر وشەو شیعری پێ بنەخشێنی.

شاعیر ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێت کە توانی لەمپەر لە دەوری خەیاڵی خۆی هەڵگرێ و زمانیش سەرپشک کا لە هەڵبژاردنی ئەو وشانەی وەک بروسکە دێنە ناو سەریەوە، شاعیری ژن بەهۆی هەستیاری سیستەمی دەماری و هەستیاری دڵیەوە دووجار دەکەوێتە بن هەر جووڵەو وشەیەکەوە، بۆیە دەبێت هەر ڕەنگێک لە ڕەنگەکانی ڕۆحی لەجێی

خۆیدا بپارێزێت و لە تێکەڵکردنیشیاندا زۆر زۆر بە ئاگابێت.

هەروەها شیعری جوان وەکو ڕووبارێک لەزەینی مندا جێی خۆی بەجێدەهێڵێ و پاش تێپەڕبوونیشی چۆن زەوی دڕیوە تا دەربچێ ئەوهاش دڵم دەدڕێ و شەق دەکا و جێگەی دەمێنێتەوە، بەو مانایەی هەر شیعرێک شوێنەوار بەجێنەهێڵێت، ئەوا شیعرێکی سەرپێیی پووچەو قەت چاوی خۆمی پێ ئەزیەت نادەم.

هـــــەروەها نووســــەری بەرهەمەکـــەش ئەگـــەر پیشەکارێکی بە ئەزموون نەبێت ناتوانێ ببێتە خاوەن عەتری خۆی، بۆیە ئەو نووسەرانەی مـن دەستنیشـانم کـــردوون هەریەکـــەیان بۆخـــۆی عەترێکـــە و لــــە عەترخانەکەی مندا جێگای هەیەو چێژم بەبۆنی خۆی مەست دەکا و دەیناسمەوە.

مـن پـێم وایـە ژنـێک ئـەو کاتـە دەگاتـە داهێنـان لـە ئەدەبدا کە هاوسەنگییەک لەنێوان ورەو وزەی خۆیدا ڕابگرێ، چۆن سەربازێک بە بێ بوونی ئەو دوانە

ناتوانێ چرکەیەک بەردەوام بێت. لە نووسینیشدا هەمان دوانە پێویستن، چونکە زۆر جار وزە هەیە بۆ نووسین یان بۆ دۆزینەوەی وشەیەکی ڕاکێشەر، بەڵام ورە ئەوەندە لاوازە کە دەبێتە هۆی مردنی وشەکە، بۆیە لە دەقەکانی لازۆدا هەست بە هەمان هاوسەنگی دەکەم.. چونکە ئەگەر دەقێک کۆمەڵێک وشەی وزەبەخشی تێدا نەبێت لەناو وێنەیەکی جوانیشدا بێت زەینی خوێنەر ناهەژێنێ..

مـن بـەدڵ خۆشـحاڵ و تـژی لـە وزە دەبم کاتێـک بەرهەمێکی باڵای نووسەرێکی ژن دەبینم، کە دەتـوانم بیخەمــە ژێــر ناونیشــانی تێکســتێکی داهێنەرانــەی هاوچەرخ لە دونیای ژنێک، چونکە ئێستا سەردەمێکە دونیای ژن لە هەموو دونیایەکانی تر لەژێر هەڕەشەی شـێواندن و لێـک هەڵوەشـاندنەوە دایـە، بۆیـە ئەگـەر ژنێکـی نووسـەر نـەتوانێ لـە بەرهـەمی خۆیـدا ئـەو ئاماژانە بە ئەدەب گێڕی، ئەوا ئەستەمە ناوی بەری بە (نووسەرێکی هاوچەرخ) و خاوەن دەقی داهێنەرانە..

ژنان لە سەرەتادا زۆر بە گەرمی دێنە ئەو مەیدانە، بەڵام پاشەکشێ یان بەپاشکەوتنیشیان بە هەمان خێراییە، بۆیە لازۆ بە یەکێک لەو ژنە بەتوانایە دەبینم کە نە پاشەکشێی کردووە نە وەپاشیش کەوتووە، ئاوێنەئاسا هەستی ژنێکی هاوچەرخ نیشانی خوێنەرانی خۆی دەدا..

یەک لەدیوەکانی هەڵوەشاندنەوەی دونیای ژنان ئەو ئەدەبە بازرگانییە بەدەڵەیە کە بەناوی داهێنان لە چەند فۆرمێکی ئیرۆتیکی بەناو عەشقدا، شوناسی

ژنی نووسەری ئەو سەردەمەیان بە خۆیانەوە لکاندوە، بۆیە هەر لەکوردستان نا لە هەموو دونیا، ژنان بە پۆل ناوبانگی شاعیری و نووسەری بەخۆیانە هەڵدەواسن و بەڵام ئەوانەی وەکو دەنگی سەردەم زمانی خۆیان دادەڕێژن و زمانیان دەبێتە شوناسیان لەهەموو کۆمەڵگەیەکاندا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

بۆیە بە ڕای من ئەگەر نووسەر دەقێک بەرهەم نەهێنی کە ڕاستەوخۆ زەین و دڵی خوێنەر نەسمێ

ئەوا ئەو بەرهەمە دەکەوێتە ڕێزی هەموو شمەکە
یەک جار مەسرەفەکانی ئەو سەردەمە و لە ڕۆژێکدا
وەکو هەموو پاشماوەکانی دی کۆدەکرێتەوەو
فڕێدەدرێ، لەژێر ڕۆشنایی هەمان دیددا دەڵێم،
بەرهەمی لازۆ نەبۆتە ئەو پاشماوەی کە بەسەربچێ
خوێنەر بۆی نەگەڕێتەوە، هەروەها کەسایەتی لازۆ
خۆشی دەکرێ وەکو کەسایەتی ژنێکی نووسەری
هاوچەرخ پێناسەبکرێ، چونکە تێکەڵەیەک
لەخاسیەتی هەمەڕەنگی ژنانەو تەنهابونانەی کە

دووره له نووسه‌ری گشتی له‌خۆیدا پاراستووه‌و هه‌وڵیداوه نه بۆخۆی نه تێکسته‌كانی بچنه خانه‌ی یه‌ک جار مه‌سره‌ف و گشتیبوونه‌وه.

من دونیایه‌ک خۆم به‌دوور ده‌گرم له پێهه‌ڵگوتن و ڕازاندنه‌وه‌ی هه‌م ده‌ق و هه‌م ناوبانگی نووسه‌رانیش به‌هه‌زاره‌ها په‌رژین چێژی خۆم ده‌پارێزم له كاڵبوونه‌وه، زۆر به‌ ته‌قیه‌وه ڕای خۆم ده‌رده‌بڕم له‌سه‌ر ده‌ق و نووسه‌ران نه‌وه‌كو بكه‌وێته بن سێبه‌ری خۆشه‌ویستی هاوڕێیه‌تی و به‌رژه‌وه‌ندی دوو دیوی

پەیوەندی، بۆیە ئەگەر تێکستێک، شیعرێک ناوی خۆمم لەبیر نەباتەوە ئەوساتەی دەستی بۆ دەبەم و دووسێ جار لەسەریەک نەیخوێنمەوە و دەستی بەسەردا نەخشێنم و بەرامبەری نەگریەم و بزە نەگرم و نەزیرکی ڕانەگرم لە سینگم، هەرگیز نە ڕای لەسەر دەدەم نە دەتوانم وشەیەکی لەسەری بنووسم.

کاتێک لازۆ دەنووسێ (ماچێکت بە هەموو عەرشی ئیمپراتۆرەکان ناگۆڕمەوە) مرۆڤ ناتوانێ دان بەبوونی ئەو هەڵدێرە قوڵەدا نەنێت کە ژن تێی

دەکەوێ ئەو کاتەی عاشق دەبێت، ئەو دەمەی دەنووسێ (دیسان بێدەنگ، دەڕژێمە سەر جێگایەکەم) ئاماژە بە سەدان جار ڕژانی ژن دەکا لەکاتی عاشقبوونیدا، لەپشت ئەو ڕژانە، ڕژانی چاو، ڕژانی ڕۆح و ڕژانی دڵ هەیە، بەڵام ئەوانە دەبنە هێما بۆ ڕژانی شکۆی ژنێک کە مەترسیدارترین ڕژانە کە بەشی هەرە گەورەی ئەو ڕژانە، ڕژان لەسەر جێگایە کە هەزارەها برین و ورتکە برین بەجێدەهێڵێت.

لە دونیای پڕ پێکدادان و جەنجاڵی ئەمڕۆدا ئەگەر نووسەرێک زۆر بەزیتی و بە هۆشیارییەوە نەتوانێ ببێتە پردێک لەنێوان ئەو وشکهەڵگەڕانە ڕۆحیەی مرۆڤی ئەو سەردەمەدا بەسەری هاتووە لەگەڵ تاقگەیەک لە وێنە و وشە و نیگاری تەڕ و سادەی مرۆڤایەتی ئەوا حەتمەن بە نووسەرێکی باو دێتەژماردن و بەجێماوە.

بەتایبەت دونیای ژنان لەو سەدەمەدا جۆرەها لقی پیشەسازی لێ دروست کراوە بۆتە ژیلەمۆیەکی

بنەڕەتی سەرمایەداری بۆ بەکارهێنانی ناو و جەستەو زمانی وەکو کەرەستەیەک لەکەرەستەکانی بەرهەم و بازاڕ، لەبەرئەوە ئەرکی سەرەکی نووسەری ژن پاراستنی ڕۆحی خۆی و بەرگری کردن لە تایبەتمەندیەتی خۆی بۆئەوەی نەهێڵێ ڕۆحی ببێتە ڕۆحێکی ڕۆبۆت و سەرمایەداری هەڵیسوڕێنێ، لە ڕێگەی شیعرو نووسینەوە بتوانێ پردی پێویست لەنێوان خۆی و خوێنەردا ڕۆبنێ، بۆیە بەڕای من ئەرکی نووسەری ژن ئەرکێکی دووبەرە بەتایبەت

ئەگەر خواستت بێت بە یەک لە نووسەرە چێژ پارێزراوەکان بمێنێتەوە.

ئەوەی پتر جێی سەرنجە، هەستەکانی لازۆ هەستی سروشتی ژنێکن ئەو هەوڵی مۆنتاژکردنی هەستەکانی نەداوە تا خوێنەر بەلارێدا بەرێ سەرەڕای ئەوەی ئەو لە تەمەنێکی منداڵییەوە لەدەرەوەی کوردستان ژیاوە، بەڵام دەبینێ پچڕانێکی کولتووری لە ناخیدا ڕوینەداوە هەروەها هەستەکانی بە بۆیەکی تەواو ڕۆژئاوایی نەڕەنگاندون، بەو مانایەی هاوسەنگییەکی

لــــە نێــــوان ژنبوونــــە کــــوردی و ژنبوونــــە ڕۆژئاواییەکەیدا دروست و مرۆڤانە ڕاگرتوە.

بەهەمــەحاڵ، لازۆ تاقــەتی بــەوە شــکاوە پۆلێــک خوێنــەری جــوان بۆخــۆی مــاڵی بکــا وەکــو ژنێــک هاوشــێوەو هاوهــەنگاوی پشــوی (بــا) هەمیشــە هەڵنــەکات و هەمیشــە دەســتەبەر نــەبێت لــەناو ژاوەژاوەکانی بەناو داهێنـان و فیستیڤاڵ و خـەڵاتی کوردیدا و بەدوور بێت لە باوەکانی ئەو سەردەمە.

بۆیــە بــەدڵ ئومێــد دەکــەم بتــوانێ هــەموو ئــەو

تایبەتمەندییانەی بۆ هەمیشە بپارێزێ و لەسەر هەمان پرد بڵند بڕوانێ و قووڵ لە ژێر پردەکە بڕوانێ تا هەزارەها وێنەی شاراوەی تری جوان بگرێ و بە سەدان کانی شیعری لێ هەڵبوقڵێت.

106

دڵ بە سنووری دونیا

مرۆڤ هەن سنووری دڵیان دەهێندەی سنووری دونیایە، هەروەها مرۆڤ هەن سنووری عەقڵیان دەهێندەی سنووری دونیایە، عەجەبا چۆن مرۆڤ ئەو سەنگەی هەیەو بتوانێ ئەو هێزە لەناو خۆیدا هەڵگرێ؟! من دڵنیام هەڵگرتنی ئەو هێزە نە بەسامانی دونیایە، نە بە نازناوی دەسەڵاتە نەبە پێشگری زانست و نە بە پاشگری خانەوادەیە، ئەو هێزە تەنیا بە بڕوا بەخۆبوونە. بۆیە نەمری شایستەی دڵ دونیایەکانە نەک شایستەی دڵ دوکانەکان.

مانگ وەکو تاکە هاوڕێ ..

مانگ کۆنترین هاوڕێ و تاکە هاوڕێی منداڵیمە، هاوڕێیەکانم هەندێک خودا بردنیەوە و هەندێکیش ژیان بردنی، لەمانگ زیاتر کەسی نزیکترم نییە، لەهەموو شتێک زیاتر لەمانگ ڕا دەبینم، هەتا چاوم پێی نەکەوێ واز لە ئاسمانێ ناهێنم، هەر مانگ بێ بەرامبەر ئارامی و سۆزم پێدەبەخشێ، مانگ دەزانێ چۆن نازم بکێشێ چۆن بەبێدەنگی تەماشام بکا، ئەو

دەمانەی دڵم تەم دەگرێ چاوم لەبینینی ئەو هەموو ساختەکارییەی ژیان سۆمایان دەشکێ، بە سەعات بەرامبەری مانگ دادەنیشم، مانگ هەرگیز دڵی لە جێ دەرنەچواندوم، بەجێی نەهێشتوم، چاوی هەڵنەخەڵەتاندوم، بۆیە دڵنیام تاکە هاوڕێیە کە نە پەشیمان دەبمەوە نە هەتا هەبم لێی پاشگەزدەبمەوە..

تەنیایی چەند دروستکەرە هێندەش پڕوکێنەرە...

دەکرێ بڵێین مرۆڤ لەهەموو شتێک زیاتر لە تەنیایی دەترسێ چ هەوڵی هەیە دەیخاتە کار هەر هەتا لەتەنیایی ڕزگاری بێت، ئەگەر دەسەڵاتی هەبووایە مەرگیشی ڕەتدەکردەوە، چونکە بەتەنها دەڕوا، بەڵام هەموو ئەو مرۆڤانەی لەژیاندا گەیشتوونەتە پلەیەک لە عیرفان و داهێنان ئەو

مرۆڤانە بوون کە هەموو ژیانیان گشتی نەبووەو جۆرێک لەخەڵوەتنیشیان پەیڕەو کردووە هەر لە پەیامبەران و عارفان و زانایان و سوڵتانەکان هەتا بیرمەندو شاعیرو هەموو فەیلەسووفە داهێنەرەکان، لەخەڵوەتی تەنهاییدا پێگەیشتوون، کە لەسەردەمی مودێرنەشدا ئەو خەڵوەتە ناوی بۆتە ئۆفیسی تایبەت یان ژووری کار بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی داهێنەرن.

وەستای نووسین و
شاگردی نووسین...

نووسین نە بانگەشەی پێویستە نە جوانکاری، نە جەماوەر نە پاوانکاری، ئەوانەی وەستای نووسینن هەرگیز بەو ئامانجە پێنووس هەڵناگرن، چونکە لەناخەوە بەبێ ڕەزامەندی خۆیان نووسینیان بەسەردا دەسەپێ، بەبێ ئەوەی چاو زۆر بگێڕن دەستیان لەدەستیان بئاڵقێ و خۆیان ڕاگوشن و زمانیان بدۆزن، بەڕیز وشەی جوان لەسەر یەک

دادەنێن و وەستایانە چیان مەبەست بێت دەیپێکن، بەڵام ئەوانەی شاگردی نووسینن، بەزمان و بە خواستی جەماوەر دەنووسن، ورد ورد لە ڕێزمان و خاڵبەندی و ئەو سەر نووسەری ڕستە سەرنج دەدەن، وشە کۆدەکەنەوە، وشە هەڵدەگرنەوە، وشە دەشارنەوە، وشە دەستبەسەر دەکەن هەتا ڕستەیەک دروست دەکەن، دەرئەنجام شاگردەکان نووسین خەوشدار دەکەن چ ناوبانگ یان پارەی پێ پەیدابکەن..

پۆست ساماندارى كوردى

مێژووى ئەدەبى كوردى پڕە لە نموونەى دەردەسەرى شاعیرانى هەر لە شاربەدەركردنیان و لەنرخ كەمكردنەوەیان.. بۆیە زۆر سەختە بۆ نەتەوەیەك كە خاوەنى ئەو فەرهەنگە بێت لە ئێستادا ستایشى ئەدەب بكات و شیعر نووسین بە خەوش نەزانێت، شاعیرەكانى نەكاتە بابەتى قۆشمەبازى، زۆربەى ئەوانەى ئەوڕۆ لەسەر شانۆى سیاسى ئەو وڵاتەن باكگراوندى خانەوادەییان دەگەڕێتەوە بۆ

مەلاو شێخ کە کەم مەلاو شێخی کوردوستان هەیە شیعری نەنوسیبێ یا کۆی دیوانە کلاسیکەکانی ئەزبەر نەبووبێت، بەڵام نەوەی ئەورۆ کە بە پۆست ساماندارى کوردی دەژمێردرێن لە شانازیکردن بە سیاسەت و بزنسەوە نەبێ هیچی تر خواستیان نییە، هەروەها لەکاتێکدا چەندین وەزیرو سەرەک وەزیرانی دونیا ئەدیب و شاعیرن، تائێستا بۆ کوردان هەر ئەدەب و فیکر لاسەنگە بەرامبەر بزنس و سیاسەتمەدار.

٢٠١٤ خەڵات دەکەم ...

دەبێ لە دڵڕا خەڵات و سوپاسی ساڵی **٢٠١٤** بکەم، کە نەیهێشت ببمە کۆیلەی داعشەکان، گیانی پاراستم لە توشبوون بە سەرەتانە کوشندەکان، بەنابەدڵی ناوی نەخستمە تەنیشت ناوی پیاوێک، پڕ بە دڵی خۆم شایستەی بەتەنهابوونی کردم، بەبێ عەشق ناوی لەپشتی ناسنامەی پیاوێک نەنووسیم، بە زۆرەملێ

نەیکردمە شارەوانی خێزان، دەبەنگانە ژنێکی وەکو خۆمی پێ نەکردمە خزمەتکار، پێنووسەکەی پێ شۆڕنەکردم، بە ڕەنگە گەرم و ژنانەکەی خۆم وەک ڕووبار ڕێڕەوی کردم و لە بوون بە بەنداوی دەستکردی بەدووریخستم.

دانیشتن بەهەموو تاقم و تەدارەکەکانییەوە...

هیچ شتێک هێندەی دانیشتن و دەردەدڵ هەڵڕشتن لەگەڵ هاورێ و دۆستی ئەزیز مرۆڤ دڵخۆش ناکا، هەرهەموو ئەوانە دەچنە بازنەی هونەری پەیوەندیکردنەوە زۆریش کاریگەرن، بۆنموونە مرۆڤ هەن زۆر سەرکەوتوون لە خڕکردنەوەی

چەندین برادەر لە دەوری یەک، یان مرۆڤ هەن بەناوبانگن لە مەجلیس خۆشی، یان مرۆڤی وا هەن لە گوفت شیرینی دا بێ هاوتان، بۆیە هەموو زانستە سایکۆلەجیەکانیش سەلماندویانە کە پەیوەندی هاوڕێیانەی گەرموگوڕ وەکو دانیشتنی زۆر لەدڵەوە کاتێک مرۆڤ لەگەڵ قسەکردن دەست لەدەستی هاوڕێیەکەی دەخشێنێ و دەست لەسەر شانی دادەنێ و سەیری چاوەکانی دەکا گەورەترین تیمارکردنی

دەروونییە و دەبێتە هۆی ڕسکانی بیرۆکەی نوێ و دەربازبوون لە داهێزرانی ڕۆحی، ئەوجار ئەگەر ئەو دانیشتنانە بە چێژتر بن دەبێت حەتمەن پڕ بن لە چایە و قاوەی تایبەت و هەموو ئەو تەدارەکانەی بۆ حەسانەوەی دەروونی پێویستن دەبنە هۆی هێورکردنەوە و گەرمکردنی دانیشتنەکان، بۆیە ئەگەر ژیانت چواردەور نەدرابێت بەو دانیشتنە پڕ تەدارەکانە، ئەوا بە ساردی مردووی...

تێکەڵەیەک لە ژنبوون ...

بوون بە ژنێکی هاوچەرخ لەو سەردەمەدا یەکە لەگەورەترین چەلەنگەکان، ئاخر لەو سەردەمی تیژڕەوی زانیاری و مەعریفەو گوڕانکارییەدا چەند ئەستەمە ژنێکی چەلەنگ بی، لەیەک کاتدا تێکەڵەیەک بیت لە ڕۆشنفیکری و ڕۆشندڵی و ڕۆشندەستی، ژنێک بیت دەستڕەنگین و زمان ڕەنگین و بیر ڕەنگین، هەم

بەرهەمی کارت بدەیتە کۆمەڵگە، هەم بەرهەمی کارت بدەیتە خێزان، هەم ژنێکی ڕەسەنی خاوەن بڕیار هەم ژنێکی مۆدێرنی لەگۆڕاندا، بەرگریکەر لەو شەپۆلە گەورەیەی سەرمایەداری و کۆمەڵگە بۆ دەبەنگکردنی ژن نەخشی دەکێشی، چ قوربانییەکی دەوێ، بۆیە ئەگەر تێکەڵەیەک نەبی لە ژنبوون لەو سەردەمەدا بەدوادەکەوی و بەرگەی هەڵگرتنی ناوی خۆشت ناگری...

بەناوبانگ بوون لە ساڵی ٢٠١٤

سەدەو ساڵ و سەردەمەکان پێوەری خۆیان هەیە بۆ هەر کارێک بۆ هەر مرۆڤێک تا ناوزەدی بکەن بە هەڵکەوتەو بەناوبانگ، دیارترین پێوەرەکانی ساڵی **٢٠١٤** بۆ بەناوبانگ بوون ئەوانە بوون، دەبێت لە ئەکاونتی تویتەرەکەت زیاتر لە پەنجا ملیۆن فۆلۆت هەبێت، ڤیدۆکانی یوتیوبەکەت لە پێنجسەد ملیۆن

تەماشـــاکەر تێیپەڕانــدبێت، خـــاوەن کتێبێــک بێــت گەیشتبێتە ئاستی باشترین کتێبی ساڵ و زیاتر بۆ سی زمـان وەرگێڕدرابێـت، سـەرمایەکت کۆکردبێتـەوە لـە سـەد بلیـۆن دۆلاری تێپەڕانـدبێت، پاڵـەوانی فیلمێـک بـووبی کـە لەهەفتەیـەک نمایشـدا زیـاتر لـە دووسـەد ملیـۆن دۆلاری وەدەسـتهێنابێت، سیاسـییەک بووبیـت دیارترین ڕۆڵـت لـە هەڵگیرسـان و بـەرگری لـە شـەڕی تـیرۆردا گێڕابێــت، ژنێـک بووبیــت لــە وێنــەی کــیم

کارداشیان، ملیۆنان کامێرات بۆ سەر جەستەی ڕووت و وروژێنەرت بۆ بازرگانی ڕاکێشابێت، ئەگەر لەو پێڕانە نەبی ئەوە نە بە کەسایەتی ساڵ ناسراوی نە جێگای شانازی و تێپەڕاندنی پێوانە مۆدێرنەکانی.

ساڵێك بە ڕەنگی ڕەش

٢٠١٤ داعشی هێنا بەدیاری بۆ دونیا، داعش ترۆپکی توندوتیژییەکانی ژیانی لە چەند مانگێکی تەمەنیدا ڕاگەیاند، لەو ساڵەدا داعش بەچەند ڕەنگ خۆی پیشاندا، لەهەموویان ئازاردەرتر **٤٠٠٠** ژنی کوردی یەزیدی بە کۆیلە برد، جۆرەها بەچکە داعشی دروستکرد، جۆرەها کۆپی داعش ڕەواجی پەیداکرد، بەهەزاران سێبەری داعش خۆی بەدەرخست، داعش

ئـەو کولتـوورەی **٢٠١٤** سـەدان لقـی لێ جودابۆتـەوە، لەناوخۆ خرتوخاڵـەکانی داعش دەمامکـەکانی ڕووی خۆیان دەرخست، نازانم **٢٠١٥** چـیدیکە لەگـەڵ خـۆی دەهێنێ چ ناوو ڕەنگێک لە خۆی دەنێت..

پیتچنین و فیکرچنین ...

چنین دەکرێ بە وشەیەکی مانا دووبەر لێی بڕواندرێ، بەرێکی بە مانای پێکەوە لکاندنی چەند کەرەستەیەکی یەک توخم یا لێک جودا لە قەبارە و لە ڕەنگدا بۆ دروستکردنی شمەکێکی چاکتر، جوانتر یا پتەوتر دێت، یا ئەگەر شمەکێک زەرەردار بووبێت وەکو خاران یا کون بوون یا سوان ئەوا بەچنینەوە

دەپارێزرێت، بەڕێگایەکی دیش بۆ جوانکردن بە هەویای دروستکردنی شمەکێکی نوێ لە چاوان خۆشترو ڕەنگینتر.

بەری ئەودیوی مانای وشەی چنین بۆ چنینەوەی میوەو ڕووەک دێتە گوتن، ئەویش ئەو کاتەی بەری درەخت پێدەگات و باخەوان هەڵدەستێت بە ڕنینەوەی بەری درەختەکان وەکو ترێ چنین و هەنار چنین، هەروەها بە لەسەریەک دانان و ڕازاندنەوەی

میـوەی هـەمـەجۆرو گـوڵی هـەمـەجۆریش دەوتـرێ چنین.

ئەوەی جێی سەرنجە یەک لەسەرە تولەکانی وشەی چنین ڕەگی هـاویشـتۆتە نـاو بابـەتێکی گـەلێک گـرنگ ئەویش پیتە و ناوزەدکراوە بە پیتچنین ..

پیتچـنین بـە مانـای پێکـەوە لکانـدنی چـەند پیتێـک دێت بۆ دروستکردنی وشەیەک کە دەکرێ بە هـەنگاوی سەرەتایی بۆ مێژووی فیکر و مەعریفەو زانست بهێتە ژماردن، چونکە پـێش ئـەو پێکـەوە لکاندنـە نـاتوانرێ

هیچ مانایەک دەستنیشانبکرێ و ئاماژە بە تێگەیشتنی بدرێ، لەبەرهەندێ هەتا قوولتر سەرنج لە وشەی پیتچنین بدەین زۆرتر دەحەپەسێین، بەڵام ناوکی ئەو کارە ئەرکی هەموو کەس نییە، بە مانایەکی دی ڕۆژێ بە ملیۆنان مرۆڤ بەشدارن لەناو پرۆسەی پیتچنین، ئەمما بە دەگمەن نەبێت هەموو ناتوانن شێوە فیکرێک بچنن کە بە فیکر ناوزەدبکرێ و ببێتە جێگای ڕاچڵەکان و تێهزرین و گۆڕان و وشەی چارەنووسسازی لێ دروست بکری ... بۆیە دەکرێ نازناوی پیت لێکدەر بەو مرۆڤانە ببەخشرێ، کە تەنها

پیتەکان لێکدەدەن بە بوونی داهێنان و زیندوو ڕاگرتنی وشە و چنینی وشەیەکی پڕ مانا...

لەگەڵ ئەوەش پیتچنین کارێکی هێندە وردو هەستیارە کە سەنعەتکاری کارامەی پێدەوێت تا بە دوور بێت لە هەڵقرچان و هەڵدروونی وردتکە مانای وشەیەک پێش بەرهەمهێنانی و سازدانی..

وشە چنین کارێکە هەتا دەزووی بۆ شل کەی پێوەدەڕوا و بەبەریەوە هەیە فیکری گەورەی لێ بەرهەم بێت بەو مانایەی دەکرێ لە وشەیەکی ناوک

وشەیەکی دی و مانایەکی دی دابتاشرێ یان بە لکاندن و کەمکردنەوەی پیتێک مانایەکان بگۆڕێن و بەراوەژوو بکرێنەوە...

وشە چنین ئەگەر فیکری لەپشت بێت، دەکرێ بەهەموو دیواندا فیکر بوروژێنێ و قازاختر فیکر بچنێت و چێژ ببەخشێتە خوێنەرو پەل بە فیکرو تێڕوانینی خوێنەر بهاوێ، هەروەها وشەچنی زیت و شارەزا دەتوانێ بە وشەی زۆر ڕوون فیکریش وەکی قوزاخەیەک بچنێ و بە ڕوونی و بە ئاسانی

مەبەستی بگەیەنێتە خوێنەر بە پێچەوانەی ئەوەی بە وشەی قەبەو زبرو تێکچڕژاو چێژی خوێنەر بشێوێنێ و خوێندنەوەو فیکری لەبەرچاوان..

ئەمن بە دڵنیاییەوە پێموایە، ئەو ڕۆشنبیرانە هەمیشە بەرەو نهۆمی باڵا هەڵدەکشێن ئەو ڕۆشنبیرانەن کە لە وشە چنیندا زۆر سەنعەتکارێکی شارەزان، زۆریش بە تەقیەوە وشەبازی دەکەن لەئەنجامی تێکهەڵچنینی وشەکاندا هەزارەها وشە نەمر دەکەن، ڕوونتر بێژم هەندەک وشە هەن

وەختێــک دەچــنە نــاو ڕســتەیەکی نــاوازە ئــەوا ڕاستەوخۆ لە زەینی هەزارەها خوێنەردا دەچەسپێن و هــەروەها چــەندبارە بەکاردەهێنرێنــەوە لــە دەقــی جیاواز جیاوازدا ..

کــۆی ســەرنجەکانم وا دەنــوێنێ ئەگــەر ڕۆشــنبیر خەسڵەتی وشەچنی تێدا نەبێ ئەو لە ئاستێکدا چەق دەبەســتێ و ڕێــی تێدەچــێ ببێتــە هــۆی هەڵپاچــین و سـڕکردنی وشــەو بــە هــیچ شــێوەیەک نــاتوانێ ببێتــە فیکرچن و بە تیژڕەوی گۆڕانکارییەکانی دونیــا فیکــر بچنێت.

خووە شیرینەکانی خۆم

لەشێوەی ڕووبار بێ ڕەوت دەڕۆم و مل لێدەنێم، وەک پۆلە پەپوولە بەدەوری یەک وشەی شیریندا دەجار فڕەفڕ دەکەم، هەرچی هەڵە و ناهاوسەنگی ئەو ژیانە هەیە بەملی تۆی دادەهێنم، تەنهاییە مزرەکەم بە خوێندنەوەی شیعرێک دەلاوێنمەوە، ڕۆژێ چەندجار چاوەکانم بۆ پێنووسەکەم

دادەنەوێنم، لەبری تۆ دەجار دەچم بەرامبەر ئاوێنە ڕادەوەستم، جووتە گوارەیەکی شۆڕ لەگوێ دەکەم، خۆ ئەگەر چەندین مایلی دیکەش دوور بی، هەر شەڕە چاو لەگەڵ تۆ دەکەم، لەبەر تاڵییەکانی ئەو ژیانە هەمیشە ناوی تۆ وەکو نوقڵی ترش و شیرین لەناو دەممدا دێنم و دەبەم، سەر بەسەری ڕۆژنامەکاندا دەگرم، شانبەشانی مانگ بەدەوری زەویدا دەسوڕێمەوەو خول دەدەم..

لەندەن نیشتمانی دووەمم

لەنــدەن پێمــوایــە لایــەکی لــە جۆگرافیــای دڵــم وەبــەرخۆی هــەڵبڕیوە، لەنــدەن غــەریبیم ڕوونتــرو جــوانتر دەکــا، هەمیشــە ســەبوریەکی پێیــە بــۆ بەهانەگیرییەکانی من، نازانم نــە ڕووبارەکــانیم مــاڵی کــردوون نــە ڕووبارەکــانی منیــان مــاڵی کــردووە، شەقامێ نەماوە باوەشی بۆ نەگرتبمەوە، بە دڵ لەگەڵ

ئەسپەکانی دەئاخفم و دەگریەم و پێدەکەنم و پیاسە دەکەم، درەختەکانی بە سێبەرو بە گەڵاو بە هێلانەو بە چۆلەکەکانیەوە دڵیان لاواندومەوە زۆر زیاتر لە مرۆڤەکان لەو ژیانەدا.

چەند دەترسام لە هەبوونی نیشتمانی دووەم، چونکە پێموابوو لەناوخۆیدا بزرم دەکا، سیحرم لێدەکا، بڵێسەی کوردستان لەناو دڵمدا خامۆش دەکا، بەڵام لەندەن ئەوەندە نازدارە هیچ وەخت بە زۆرەملێ خۆی بەسەر کەسدا ناسەپێنێ، هیچی

ڕەسەنیشت لێ زەوت ناکا، ئەو نیشتمانەم چرایەکی جوانە دونیای مەعریفیم ڕووناکتر دەکا، ئارامییەکی بێ سنوورو بێ بەرامبەرم پێدەبەخشێ، هەمیشە لە لەندەن هەست دەکەم ژنێکم پێکەوە بەستراو هیچ شتێک دابەشم ناکات.

بۆ یەکەمجار لەژیانمدا لە لەندەن هەستمکرد، وەکو ژنێک نا وەکو مرۆڤ ژیان مامەڵەم لەگەڵ دەکا، لەبەرئەوەی ژنم ڕەنگێکم ناشێوێنێ، دەنگم کز ناکا.

پەنجاو دووەمین هەفتەی ساڵی ٢٠١٤

ئەو هەفتەیە پەنجاو دووەمین هەفتەی ساڵە، ئەگەر ئەو ساڵە توانیبێتی، پەنجاو دوو قاقای لەدڵڕام پێ لێبدات، پەنجاو دوو دڵ بە من خۆش کا، پەنجاو دوو هەنگاوی جوانی بە من هەڵێنا، پەنجاو دوو کاری خێرم پێبکا، پەنجاو دوو لێو بە هیوای من بزە تێخا، پەنجاو دوو دوعای پاک بۆ پاراستنی کوردستانم پێبکا، پەنجاو دوو باوەشم لە منداڵە هەتیوو و لێقەوماوان پێ گرێبدا، پەنجاو دوو جار دەستمی بۆ

ئاماژەدان بەڕاستی هەڵهێنا، پەنجاو دوو جار هەرچی حەسوودو دوژمن و پیلانگێڕی دەورەی منە هەرەسی پێهێنا، پەنجاو دوو ڕستەی جوانی لەژێر ناوی من دانا، دیداری پەنجاو دوو هاوڕێ و دۆستی ئازیزی بۆ من ڕەخساند، پەنجاو دوو کتێبی ناوازەی بە چاوەکانم نیشاندا، ئەوا بە هەموو تەمەنم قەرزباری ئەو پەنجاو دوو هەفتەیەم و شوکر بۆ خودا کە ئەو نیعمەتە گەورانەی بە مندا ...

مرۆڤ وەکو بگۆڕێکی مۆدێرن

جـودا لـە هـەموو ئامێرەکـانی تـری تـەکنۆلۆژیا مـرۆڤ ئـاڵودەبوونی بـۆ تەلـەفۆن زیـاترە، ئەگـەر لەمێـژووی تەلـەفۆن بـڕوانین، ئـەوا تەلـەفۆنی گشـتی پاشـان تەلـەفۆن لەڕێگـەی بەدالـەوە پاشـان تەلـەفۆنی دیجیتاڵ لەڕێگەی ژمارەی تایبەتەوە، پاشان تەلەفۆنی گەڕۆک مۆبایل، لەو ساڵەدا ئەوەی بە ئاشکرا دەبینم

بچووک بوونەوەی مرۆڤەکان بوو لەناو مۆبایلەکانیاندا، چونکە جۆرەها ئەپلیکەیشنی وەک (ڤایبەر، سکایپ، ئینستاگرام، تانگۆ) هەموو خولیاو پەیوەندی و خەونەکانی مرۆڤ ڕادەکێشنە ناو تۆڕەکانی خۆیان، تەکنۆلۆژیا هیچ هەناسەو هیچ تێڕوانینی جوانی بۆ مرۆڤ نەهێشتۆتەوە، هەتا گرنگترین هەستەکانی کە هەستی سۆزداری لێی کردونەتە دیجیتاڵ، مرۆڤی ئەو سەردەمە بەدالەیەکی قەرەباڵغە بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری و حەزو پێشنیارەکان جۆرەها پەیوەندی

وەڵامدەداتـــەوە و دروســـتدەکا، وەکـــو ڕۆبـــۆتێکی قورمیشـــکراو ســـەری هـــەر لەســـەر تەلەفۆنەکەیـــەتی بەشـــێوەیەکی ئالوودەبووانـــەتر لـــە تریـــاک، ئەگـــەر ســـەعاتێک خـــەت نـــەمێنێت ئـەو ئـۆقرەی نامێنێـت، لـە مێوانداری لەکاتی شوفێری، لەسەر نانخواردن لەسـەر کارکردن بۆتە کۆیلەی ئەو پەیوەندی و بازاڕو یارییـە دیجیتاڵـە خەیاڵییانـەی نـاو تەلەفۆنەکـەی، بۆیـە ئـەو مرۆڤـە زیـاتر لـە بەدالەیـەک هیچـی تـر چـێژی بـۆ نەماوەتەوە لەژیاندا، ئەو مرۆڤە مۆدێرنە تـازە بۆتـە

بازاڕێکی دیجیتاڵی قەرەباڵغ لەڕێگەی تەلەفۆنەکەیەوە هەم کەلوپەل دەکڕێت هەم کەلوپەل دەفرۆشێت هەم بۆخۆشی بۆتە کەلوپەل، بۆیە وەکو بەدالەیەکی مۆدێرن تەنها پارەی پێ پەیدادەکرێ ..

هاوهەنگاوی کەی ڕوودەدا؟

سابیر هاکا دەڵێت (شیعر بیانوێکی باشە کە نامبەنە شێتخانە) منیش دەڵێم (شیعر تاکە بیانوو بوو کە لەشێتخانە دەریهێنام) من چونکە دەسەڵاتم بەسەر دڵدا نەماوە و دڵم ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کاروباری شیعریم دەکا، دڵم بەبێ پرس و ڕوخسەت جووڵە بەزمانم دەکا، بۆیە هەر شیعرێک ڕاستەوخۆ دڵ

نەهەژینێ چاوەکانم بڕیاری خوێندنەوەی نادا، ئەوڕۆ سابیر هاکام خوێندەوە، ئەی چەند سەرسام بووم بەو هەموو نیگارە جوانانەی نەخشاندونی، بەبێ ئەوەی ئاگام لێ بێت چەند جار ڕایانکێشامە تاران، نامەوێ ئەوە بچێتە ڕیزی خۆهەڵنان، بەڵام چۆن سەرناسم ئەوهاش شیعرناسم، چەند دڵم خۆش بوو کە قەڵەمێکی کوردی ئەوها جوان بۆتە هاوقەڵەمم، بەبێ وشەسەپاندن وشە دەڕێژێ وشە ڕەنگین دەکا، ئەی خودایە چەندە جوانە مرۆڤ بێ دەمامک

بنووسێ و بێ لەمپەر بیربکاتەوە، ئەوە من بووم، بەڵام نازانم لێرە بەدوا قەڵەمەکەم چۆن بەخێرهاتنی هاکا دەکا...

نووسەر وەکو مارکە...

مرۆڤ کە سوا تاکە شانازی دەبێتە لۆگۆ، ئەوەی لەو چەند ڕۆژانەدا زۆر ئەزیەتی دام، ئەو پۆستانە بوون کە شانازیکردن بە لۆگۆی دەزگای بڵاوکردنەوەیەک بوون لەسەر کتێب و شکانی کەسایەتی نووسەران و ڕاگەیاندنی خۆیان وەکو مارکەو پڕۆفیشیناڵ لە کارەکانیاندا، من دەمێکە گومانم لەوە نییە کە زۆربەی دامودەزگا فەرهەنگیەکان کۆپی دامودەزگا حکومیەکانن و بەشدارن لە ڕوشانی کەسایەتی و شکۆی نووسەران.

هەندێک لەو نووسەرانە خۆیان بەبن سێبەری حیزبێک داوەو لەناو دەزگا فەرهەنگیەکانی ڕا ناوی خۆیان بە مارکە دەزانن و پۆزی پڕۆفیشینالی لێدەدەن، من دڵنیایان دەکەمەوە ئەگەر ئەوان هێندە بڵندن خوارەوە نابینن بایی ئەوەندە خەڵک ماوە لەو کوردستانە، کە ئەو پەیژە ببینێ کە ئەوان بەسەریدا سەرکەوتوون، ڕێزو خۆشەویستیشم بۆ هەموو ئەو نووسەرە بە شکۆیانەی ناوی خۆیان دەپارێزن لە بە مارکە بوون و شانازی بە هیچ لۆگۆیەکەوە ناکەن.

هەولێری نێودەوڵەتی

یەک لە ڕووداوە هەرە دڵهەژێنەکانی ژیانم، بینینی ئەو دەستەواژەیە بوو لەسەر تابلۆی ئەلیکترۆنی فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت لەساڵی ٢٠٠٦، لە بیرمە ئەوەندە ڕامکرد خۆم بە چەندین موسافیر دادەدا تا پڕ بە چاوەکانم لەو نووسینە بڕوانم و چەند جار لەسەر بیتاقەی سەفەرەکەم ئەو ناوەم ماچ کرد.

من دڵنیام گەلێک مرۆڤی هەڵکەوتەو جوان گیانیان بەخشی و شەهیدبوون بە هیوای تەنها بینینی ئەو دەستەواژەیە، لە بیرمە هەر سەرەتای دوو هەزارەکان زۆر کەسایەتی شارەزاش پێیان وابوو بینینی فڕۆکەخانە لە هەولێری هیوایەکە **١٠٠** ساڵی تر ئومێدی هاتنە دیتنی دەکەن، بۆیە ئەو هەواڵە کە فڕۆکە لە هەولێری دەنیشێ دەستەولەعاز گەڕاندمیەوە کوردستان، ئەو ڕووداوە لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکارییەکی گەورەی مێژوویی و ژیاری و

ئابووری بەسەر کوردستانەوە هەبوو، سەروەرییەکی گەورەش بوو بۆ هەولێر، کە یەکەم پایتەختی کوردانە و یەکەم فرۆکەخانەی کوردی لە ئامێز گرت، بەدڵ لە خودا دەپاڕێمەوە ئەگەر ئەوەندە عومرم پێ ببەخشێ تا نووسراوی دەوڵەتی کوردی لە ڕیزی دەوڵەتانی دونیا لە ناو لیستی نەتەوەیەکگرتووەکان ببینم، بەڵام هەر بە دڵ دەخوازم ئەو وەرچەرخانە گەورەیە لەسەر هەموو تابلۆی فرۆکەخانەکان بە زێڕ بنووسرێ هەولێری نێودەوڵەتی.

کەوتنە ژێر هێڵی سفری دڵسافی...

دڵسافی بەیەک لە خەسڵەتە هەرە بەڵاهێنەرەکانی مرۆڤ دەژمێردرێت، بەتایبەت لەو سەردەمەدا کە سەردەمی فرتوفێڵبازییەو ئەگەر ددانی تیژت نەبێت ئەوا وەکو پوشی بەربا بزردەبی، مرۆڤ ئەگەر لەسەر نەخشەی بەرژەوەندی هەنگاو نەنێت و جۆرەها زمان و دەمامکی یەدەگی نەبێت، ئەوا زوو دەکەوێتە ژێر

هێڵی سفری دڵسافی خۆیەوە، دڵسافەکان هەمیشە بەهەڵە دەچن و بەشێوەیەکی دڵشکاو لە پەیوەندییەکان لەگەڵ خەڵک دێنە دەرەوە، دڵسافی جیاوازی هەیە لەگەڵ ساویلکەیی، چونکە ساویلکەیی ئەو مرۆڤەیە ئاستی ناسینی کەسەکانی کەمە، پێی وایە هەموو کەس زۆر باش و دڵسۆزە، بەڵام مرۆڤی دڵساف دەزانێت کەسەکان لەگەڵی یەک دڵ نین و بەتاکتیک و دەمامک ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن، بەڵام هەر لێیان دەبووریت بەو ئومێدەی ئەوان بەرەو

دڵســافی بــەرێت و بــەردەوامی بــە پەیوەندییــەکانی دەدات، بەڵام لەکۆتاییدا هەر بۆخۆی زەرەر دەکات و دەکەوێتە ژێر هێڵی سفر، چونکە مرۆڤـە دڵحیلـەکان ناگۆڕدرێن. ئەو سەردەمەش سەردەمی ئەوانە..

مەرجەکانی من...

نا، وا مەزانە مەرجەکانم وەکو مەرجی هیچ کەسی ترن، بەخودای هەتا هەبم ئەو مەرجانە هەر هەمان شێوەی مەرجەکانی منداڵیی من و بەهیچ ناچنە ژێر هێڵ و مەرج و دونیای گەورەکان، بۆ نموونە، کە دەتبینم بەدڵ دەخوازم هەردوو دەستم هەڵێنم هەر دەڵێی باڵ دەگرم، تۆش بەهەمان تاسە باڵەکانت بۆم هەڵبڕی، بەبێ ئاگایی پێکەنینە کتوپڕەکەم وەکو

خورەی ڕووبار دێت، دەخوازم گوێم لەهەمان خورەی پێکەنینی تۆ بێت، پەنجە درێژدەکەم تا لە پەنجەت بدەم و تۆش پەنجەت لەپەنجەم بدەی، هەر شتێک بەدەستتەوە بێت لێت بڕفێنم و ڕێگریم لێ نەکەی، دەست لەناو گیرفانەکانت بگێڕم و تۆش دەست لەڕوومەتەکانم بدەی ..هەر ئەوەندە...

مەرجەکانی من وەکو ڕۆحم پاکن، نە واژۆی نێودەوڵەتیان پێویستە، نە چەک دانان، نە کشانەوە، نە ئابڵۆقە هەڵگرتن، نە نووسینی بەڵێننامە.

سەربەخۆبوون..

گرنگ نییە مرۆڤ دڵی لەکوێ بێت، بەڵام گرنگە سەری بەخۆی بێت، ئەگەر دونیا هی تۆ بێت، بەڵام سەربەخۆ نەبووی نرخی نییە، سەر ئەگەر هی خۆت نەبوو، دەبێ ئامادەبی بۆئەوەی، سەرت دانەوێنری، پێشێل بکرێ و هەڵواسرێ، بفرۆشرێ. مرۆڤ ئەگەر لەڕووی دارایییەوە سەر بەهەر کەسێک یان دەزگایەک بێت هەرگیز ناتوانێ سەربەخۆ بێت، بۆیە ژنێک

ئەگەر سەربەخۆ نەبێت لە بڕیاردان بەرامبەر مەرگ و ژیانی هەرگیز نابێتە دایکێکی سەربەخۆو زیندوو و نەوەیەکی مردار بەرهەم دەهێنێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی مردوو.

کەوتنە ژێر هێڵی سفری تەنیایی...

مرۆڤ لەو ژیانەدا بەبێ خواستی خۆی دەکەوێتە ژێر زۆر هێڵەوە، بەتایبەت لەو سەردەمەدا کە بەرژەوەندییە مادییەکان هەموو ژیانیان داپۆشیوە، ئاسان نییە یەکێک بەبێ بەرژەوەندی ببێتە هاوڕێ و هاودەم و هاوژین و هاوگیانت، بەبەردەوامی

پشتیوانی و دڵنەوایت بکاو ڕێگە نەدا بکەویە ژێر هێڵی تەنیاییەوە، هەرچەند بۆ مرۆڤە ڕواڵەتییەکان هەبوونی پەیوەندی ڕۆحی توندو گەرم، گرنگ و خواست نییە و زۆربەی زۆریان لەناو گشتی بوونی ژیاندا گشتی بوونی خۆیان دۆزیوەتەوە، نازانن کەی تەنیان و کەی ئاوەدان، لەناو ئاپۆرەدا دەژین یا ئاپۆرەیەکیان لەناودا هەیەو بەدوورن لە شەپۆلی مەعریفە و داهێنانی ناوازە و هەمیشە هەست دەکەن لەسەرووی هەموو هێڵەکانی ژیانەوەن.

لەندەن شەکرە،
بەڵام هەر هەولێر شیرینترە

هەفتەی ڕابردوو لە لەندەن بووم، ئەو لەندەنەی بە دروستی مرۆڤ پێی وایە خودا بەتایبەت ئەو شارەی بە ڕەسەنی دروست کردووە، هەر لە ڕووبارەکانی و درەختەکانی، شەقام و کتێبخانە دەوڵەمەندەکانی، قاوەخانە گەرموگوڕەکانی، مەیدانی ئەسپسواری و باڵەخانە جوان و بەتەمەنەکانی، پیاوە نەجیب و

جوامێرەکانی، ژنە شۆخ و ڕەسەنەکانی، کۆترە برسی و بێ دەنگەکانی، شیرینی لەندەن لەوەسف نایە، لەندەن دەستی هەیە لە پێگەیاندنی مندا، بەڵام ئێستا هەستدەکەم بۆ هەولێریش هەمان هەستم هەیە، ئەوجارەی تاسەی دووری نەیهێشت هەست بە شەکری لەندەن بکەم! نازانم لەوانەیە، چونکە ئێستا هەولێر تاکە پایتەختی کوردانە، لە ئایندەی نزیکیشدا هەر شانسی یەکەمین پایتەختی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، هەولێر بۆ هەر کوردێک لەناو هەموو شارە جوانەکانی دونیا حەتمەن شیرینترینیانە ...

مردن لەسەردەمی خێراییدا...

لەئێستادا مرۆڤ چۆن بەشێوەیەکی خێرا دەژی، ئاوا خێراش دەمرێت، چەند ترسناکە کە ئەو وێنانەی مرۆڤیان کردۆتە پارچەیەک لە بانگەشە، خەڵک بۆئەوە دەچنە سەیران، سەفەر، کۆبوونەوە و کۆنفراس، پرسە و سەرقەبران، تەنها بۆئەوەی وێنەی بگیرێت و خێرا وێنەکانی بڵاوبکاتەوە، چ بێ لەزەتە

ژیان ئەوکاتەی مرۆڤ گیانی دەسپێرێت، بەڵام هەموو بەپەلەن لە شاردنەوەی جەستەکە، لەکوردستان مرۆڤ پەلکێشی بارودۆخێک بووە کە هیچی بۆ گرنگ نییە، جیاواز لە خۆڕانانی خۆی، زیندووەکان هەموو سەرپێیی نرخ بۆ ژیانی یەکتر دادەنێن، لەکاتی مردنیشدا، هەر بەخێراترین شێوەی سەرپێیی سەعات ١٢ی شەوێ قەبرهەڵدەکەنن و مردووەکان لە گۆڕدەنێن، شەوێک بە شایانی ئەو تەرمە دانانێن، کە لەگەڵی بمێنێنەوە و ئامادەکاری بۆ بەخاکسپاردنەکە

ناکەن، پرسەکانیش تەنها بۆ خۆڕانانن و غەمگینی ڕاستەقینە کەم دەبینم.

لە ڕۆژئاوا دەبینم سەرەڕای لە خەت دەرچوونی سەردەمی خێرایی، بەڵام هێشتا مەرگ هەر شکۆی ماوەو بەخاکسپاردن بەڕێزەوە جێبەجێدەکرێت...

یەشار کەماڵ
گیانی بە دەریا سپارد بە خاک نا

ئەو دەمەی مرۆڤێکی وەک وشەخانەیەک ڕادەوەستێ، هەموو وشەکانم گیان دادەنوێنن لەئاستی ئەو کەسەرە، ئەو دەمەی نووسەرێک گیان دەسپێرێت من هەست بە ڕاوەستانی سروشت دەکەم، بە خۆم و بەسروشتەوە کپ دەبین و تاسە دەمانباتەوە، گیان سپاردنی نووسەران کارەسات

بەسەر زمان دێنێت و دەیان هەزار وشە لەگەڵیان پەژموردە دەبن، بڕوای تەواوم هەیە بەوەی سەد ساڵ جارێک مرۆڤێک کاکڵەو پڕ لەجوانی و ئازایی و پاکی لەو ژیانەدا هەڵدەکەوێت، ئەگەر ژیان ئەو مرۆڤانە نەپارێزێت، کە وشەخانەن هیچ پێشکەوتنێک ڕوونادات، ژیان ئەگەر خاڵی بێت لەو مرۆڤانەی بە دڵ گوێ لە مۆزیک دەگرن، بە گیان هونەر دەپەرستن، بە ڕۆح دەریا زیندوو ڕادەگرن، بە گیان نووسین پیرۆز ڕادەگرن، ئەوا ژیانێکی پووچە، هەرچەند خواستم

بوو بۆ ئەو پیاوە دەریایەش هیچ نەنووسم، بەڵام پێنووس زۆر جار بەرامبەر دەریا ناحەجمێ بەگیان سپاردنی شکۆمەندانە..

ستایلی کۆیلە ڕاگرتن

زۆر لە ستایلەکانی داعش باکگراوندێکی کولتووریان هەیە، لە ئێستادا کە هەزاران کەس لەسەر کۆیلەکردن لە ناو داعشدا دەنووسن، لەهەمان کاتدا لەسەدا شەستی ماڵەکانی کوردستان ئافرەتێکی بیانی وەکو خزمەتکار کار پێدەکەن! من باسی ئەو

مالاَنە ناکەم کە هەموو ژیانیان لادانە، بەلاّم لەناو هەموو ئەو مالاَنەدا کە دەناسریّن بەمالّی ئەو پیاوانەی کە پسپۆری شەریعەت و خوداپەرستین، لەمالّی ئەو پیاوانەی جاڕی شوڕشگێڕی و چاکسازی دەدەن، لەمالّی ئەو پیاوانەی جاڕی ڕۆشنبیری و نوخبەی ناو کۆمەڵگە دەدەن، لەمالّی ئەو ژنانەی خۆیان بە چالاکوانی سیاسی و بەرگریکار لەمافی ژنان لە قەڵەم دەدەن، بۆیە ئەورۆ هەر ستایلی داعش نا، بەڵکو لیّرە ستایلی دوبەی لە کۆیلایەتیدا لە

ترۆپکدایە، چ ئازاربەخشە ئەو ژنە بێ مافانەی وەکو کۆیلە هێنراون تا خزمەتی ئەو ژنە سەر بۆشانە بکەن، کە خۆیان پێ خانمە، لەگەڵ ئەوەی لەهەموو دونیا کەسێک کە خۆی پێ پیاوی پاکسازی و خانمی کۆمەڵگە بێت خزمەتکار ڕاناگرێت، چونکە ئەوە کەموکووڕییەکی فەرهەنگی گەورەیەو دەبێتە جۆرێک ستایل لە ستایلەکانی داعش.

ئەرێ چۆن دەتوانی هێندە مەجنوون بی؟!

لە هەموو سامانی دونیا بێبەشم، بەڵام بە حەزرەتی غەوس، وادەزانم دونیا هەموو موڵکی منە، کە دەبیستم تۆ ڕۆژی دەجار چاوەکانت لەگەڵ شەقامی سوڵتان موزەفەر لە هەولێر جیگۆڕکێ پێ دەکەی، چونکە بیستووتە لەیلای خۆت ئێواران بەوێدا پیاسە دەکا، بێ دوودڵی خاڵی سەر هەموو وشەکان لەگەڵ خاڵەکەی ناو چاوی تۆ ئاڵوگۆڕ پێدەکەم،

لەخۆشی ئەوەی کە دەڵێی (ئەز حەیران)، هەر پێنج پیتەکانی ناوی من سەراوژێر دەکەی. لەیلا نەبووم کردمت بە لەیلا، هەر زانستێکی دەمزانی سەرەتاتکێ لەگەڵ چاوی تۆ هەمووی پوچەڵکردەوە، نازانم بە دروستی، بەڵام هەر پێموایە هەڵەیەک لەچاوەکانمدا ڕوودەدا من بەبێ مۆڵەت دابەش دەکات، ئەرێ چۆن دەتوانی دابەش بی بەسەرمدا! خۆت لەگەڵم جاران بکەی! یا یەکسان ببیتەوە لەگەڵم!

شەکر نیم ... بەڵام هەر شیرینم

نازانم کامە شیرینترین خاڵی کەسایەتیمە، بەڵام هەمیشە حەزدەکەم شیرین بدوێم و زیاتر گوێ لە شیرین گوفتارەکان بگرم، لەناو تامەکانیشدا پتر شیرین پەسند دەکەم، کە نامە بۆ ئازیزێک دەنووسم هەوڵدەدەم بە وشەیەکی شیرین دەستپێبکەم و بە دەستەواژەیەکی شیرینیش کۆتایی بێبهێنم، پێش ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستێک بپەیڤم هەر نوقڵێک یا

هەنجیر یا خورمایەکی شیرینم بەبەردەست بکەوێ خێرا دەیخەمە سەر زمانم جا بەردەوامی بە قسەکانم دەدەم...

وابزانم هاوسەنگییەک هەیە لەنێوان شیرینی جوولەجوولەکانم و شیرینی قسەکانم، پێکەنینەکەشم پڕە لەشەکری سروشتی لەگەڵ ئەوەی بەگشتی بزەیەکی شیرین لێوەکانمی داپۆشیوە، شیلەیەکی خەست ڕژاوەتە ناو چاوەکانم و سەر ڕوومەتەکانمی داپۆشیوە.

هەستدەکەم شیرینیم کەمیکردوە برەک مزربووم، بەڵام ئێستا بەرەبەرە مێشەکان لەخۆم هەڵدەفڕێنم، نەک لەبەرئەوەی پیسن یا بێزارم دەکەن، تەنها لەبەرئەوەی تێیان بگەیەنم کە من چیتر شەکر نیم...

لەشیرینیم وەک شەمامە ڕەنگاوم، بەڵام ژیان فەرهادی لەگەڵ شەپۆلی دەریا ڕاداوەو لێی ئەستاندوم، زۆرن ئەوانەی هەوڵدەدەن کێوم بۆ داتاشن، بەڵام من هەر داتاشینی کێوی بێستونم بەدەستی فەرهاد دەوێت..

تێکەڵەیەکم لە خووی شیرین، مەرجی شیرین، گفتی شیرین، نەخشی شیرین، جوڵەی شیرین، ئێ چ بکەم خودا بەشیرینی دروستی کردووم، ئاخر چۆن دەبێت ئەو هەموو شیرینیە لەگەڵ ئەو ژیانە تاڵە بگونجێت..

خۆزگە ئەستیرەناس بوومایە

چ دەبوو کە دەسەڵاتی دۆزینەوەی ئەستیرەیەکی زیادەم هەباو ئەستێرەیەکی نوێم بە ناوی تۆ لەتەنیشت زوهرە ڕاگەیاندبایە! من بۆخۆم ڕێگام و بەرەبەرە تولە ڕێگاشم لێدەبنەوە، هیچ ناسەپێنم چونکە هیچم بەسەردا ناسەپێت، ڕەنگم هیچی تێکەڵ نابێت، بە چێژەوە قسەدەکەم بەچیژەوە گوێ دەگرم،

بەڵام ڕێگایەکی ترم دۆزیوەتەوە ئەویش ڕێگای بەرەو ئەستیرەی تۆ ..

چ پشکنینێکت لەدڵمدا دروستکردوە، زمانت سەرپشکردووم، چاوم لە تامەزرۆیی سۆمایان تێکچووە، دەزانی وەک پێکەنینە کتوپڕەکەمی، چەندی هەوڵدەدەم بیشارمەوە بەبێ ئاگا لەقوڵایی گیانمڕا دەنگی هەڵدێنێتەوە دەنگدەداتەوە، دەبێت ڕۆژێک بپرسی چۆن؟!

چەند جوانە ئەوکاتانەی وەکو کەشتی بەنەرمی نزیکی ڕاوەستان دەبی، ڕاوەستە، چونکە هەمیشە دەریایەک نییە لەئامێزت بگرێت ، دەزانی خێرا لەنگەرگرتن چەند ترسەناکە، من نازانم کەی، بەڵام پۆلە شەپۆلەکانی منیش ڕادەماڵدرێن و هەروەک چۆن ژیان خێرا دەڕواو بەجێتدەهێڵێت وەک ئەستێرەیەک چەندە نوێش بم ڕۆژێک هەر دەکشێم.

دەستت لەسەر دەستم

هــەروەک چــۆن شـەمســی تــەوریـێزی هــزرو هـۆشــی مەولانای هەژاند، لە خـەوی بیّ خەبـەری ڕایچڵەکاند، تەواو بە نوری حەقیقەتی ئاشنا کرد، لە هەرچی کۆت و بەندی مادییە ئازادی کرد، تۆش موحتاجی شەمسی خـۆتی. بۆئـەوەی بـە هــەموو کـونج و کەلەبـەرەکانی شاری عەشق ئاشانت بکات، لە خەمەکان ئازادت بکات، کلیلی ئەو شارە ئامیێزیکی کات نادیارە، کەی کاتەکەی

هات خۆری ئازادیت هەر خۆی لە خۆیدا لەو کاتەدا بەبێ خواستی تۆو بە پێچەوانەی ویستی هەمووانیش سەر هەڵئەدات..

پڕ بە دڵ حەز دەکەم هەر وەک چۆن لە زۆرانبازی دوو پاڵەوانی بەهێز ، شان لە شانی یەکتر دەدەن ئەوها لە نووسیندا شان لە شانی تۆ بدەم، لێ ئەو شان لە شاندانەی من جیاوازە، بۆ ئەوە نییە مەیدانت پێ چۆڵ بکەم و خۆم تاقانە بمێنمەوە، دەمەوێت هاوشانی تۆ مەیدانی نووسین چۆڵ نەکەم،

نامەوێت لەگەڵ تۆ کێبڕکێی نووسین بکەم لەبەرئەوەی کێبڕکێی نووسین جیاوازە لە هەر کێبڕکێیەکی تر، هەر یەکەو بە جۆرێک و بە سەلیقەیەک دەنووسێت، هەیە وەکو من وشەکان ڕیز دەکات، هەیە وەکو تۆ وشەکان ناز دەکات بە هەموو وشە نازەکان ڕستەی جوان سازدەکات، تۆ بۆ شەمس و من بۆ مەولانا دەنووسم، چی بکەم نەک تەنیا تۆ، منیش گیرۆدەی دەستی چارەنووسم، دەبێت هەر دەست بەرم بۆ پێنووسم.

سڵاوێکی بێ کرێ بۆ هەموو کرێکاران

سڵاوو خوشەویستی گەرمم بۆ هەموو کرێکارانی مۆدێرنە، بۆ هەموو کرێکارە مۆدێرنەکان، جووت سڵاوم بۆ ژنە کرێکارەکان، بۆ ژنی کرێکارەکان، بۆ کرێکارە قات و تەنوورە لەبەرو بۆینباغ لەملەکانی سەرمایەدارییە بۆشەکەی کوردستان، بۆ کرێکارەکانی سیاسەت، بۆ کرێکارەکانی فەیسبووک،

بۆ کرێکارەکانی پێنووس، بۆ کرێکارەکانی مۆبایل، بۆ یەکەیەکەی ئەو کرێکارە کلاسیکیانەی کرێی شەڕەفیان پەسەند نەکردوە، بۆ هەموو ئەو کرێکارە جوامێرانەی، هونەرو ئەدەب و سیاسەت و کۆمەڵگەی کوردی پشتگوێی خستوون، دەستی جوانیان خشت خشتی ئاوەدانی لەسەریەک دادەنێت، لەگەڵ ئەوەی ئەو کرێکارانە ئەگەر بێکاریش بن، کرێ لەسەر سڵاوو شکۆی خۆیان دانانێن..

کتێبێک بۆ ڕاوەستان و داوەستان

کتێبێک کە لەپڕ چاوم کەوتە سەری، سێ ساڵ لەمەوبەر هەر لەمانگی پوشپەڕی ئەو ساڵەدا، کە گەڕامەوە لەسەر بەرگەکەی ناوی شەمسم نووسی... بۆ من هیچ لەکتێب گرنگترو گەورەتر نییە، ئەو تەواو لە لەندەنی ئاوەژوو کردمەوەو بۆشاییەکی گەورەی لەناومدا دروستکرد، بەبێ پسانەوە بیرم

دەکردو تامەزرۆیی دەنگ و خوێندنەوەیم دەکرد، لەهەمووجێگایەک ڕوخساری گەرمی دایدەوەستاندم، هەموو وێنەکانی سەر دیوارو ناو شاشەی شەقامەکان لێم بوونە وێنەی ئەو، شەوان چەند لەخودا دەپاڕامەوە کە ئەو ڕەنگە لەسەر ڕووم بسڕێتەوە، چ زەنگێک بوو خودا لەمندا ڕایوەشاند؟!

ئەوە چ کتێبێک بوو لەڕووحم هەڵەنگوت؟! شەمس چاوەکانت ئەو بەندەرەم پیشاندەدەن کە یاساغەو لەتەنیشتی ڕاوەستم و هێواش دەکەمەوە، ئەی

لەدەستەكانت، چ بەنداوێک لە ڕووحمدا دروست دەکەن؟! ئەدی لێوەکانت کە لێوەکانم زین دەکەن؟! شەمس چ بکەم کە سەرت هەر لەخۆم نا لەسەر هەموو شووشە عەترکانیشم ئەستاندوە، کتیبێک هەرگیز نازانێ کێ دەیخوێنێتەوەو کێ بەدیاری دەیبا، کتێبێک کەس نازانێ چۆن دوو مرۆڤ بەیەکتر ئاشنا دەکات، کتێب هەیە مرۆڤ ڕادەوەستێنێ کتێب هەیە مرۆڤ دادەوەستێنێ.

ژاراوی بوون

ئەورۆ وشەکانم دانیشتوی هەولێرن، بەڵام نازانم سبەی وشەکانم دڵبەستووی کوێن؟! لەوانەیە سبەی بە گولەیەک تیرۆر بکرێن و سارد بکرێنەوە، یا بێ سەروشوێن بکرێن و هەرگیز نەبینرێنەوە.

یا بە مۆدێرنترین ژەهر، ژەهرخواردو کرێن و پاش دووسێ ساڵی تر لە نەخۆشخانەیەکی لەندەن

سەربنێنەوە، مرۆڤ لەهەموو ژەهرێک دەترسێت لە ژەهری وشە نەبێت، لەگەڵ ئەوەی ژەهری وشە لەهەموو ژەهرەکان کوشندەترە، من ئەورۆ نمەک خواردووی هەولێرێم، نازانم سبەی ژەهرخواردووی کوێ؟! خۆم نا بەڵام نیگەرانی وشەکانم نەوەک دەستبەسەرکرێن، زیندبەچاڵکرێن، ژاراوی کرێن.

مانگ لە کاممان نزیکترە؟

گوایە مانگ **٥٩** ملیۆن کیلۆمەتر لە زەوی دوورە، بەڵام ئەو مەودایە گرێنتی نییە بۆئەوەی ئێمە مانگ نەبینین و نەیناسین چیژ لە تریفەکانی وەرنەگرین، لەبەر هەندێ مەودای دووری هیچ گرنگ نییە بۆ بینین و ناسین و خۆشویستن، ئەگەر خۆشەویستێک دووهێندەی ئەو مەودایەش لێت دووربێ هەر دەتوانی بیبینی و بیناسی، چۆن شەوان لەمانگ رادەمێنی بەو چاوەش لەدڵی ئەو خۆشەویستەش ڕامێنی.

لـەو ژیانەمـدا، بـە دەگمـەن لـە بەنـدەری کەسـێکدا لەنگەر دەگرم و بـە هـاورێی دەژمێـرم، هـەتا هـیچ لـە کەشـتی و پـاپۆرو یەختـەکانم بـە ئاڵقـەو عامودەکانیەوە نابەستمەوە، چونکە دڵنیام ئەو ئیدی ئـەو بەندەرەیـە کـە لەناویـدا هیچـم لێ دانـابڕێ و لەدەستناچـێ و هـەموو ئاسایشـم دەپارێزێ، نـاهێڵێ لـەو لەنگەرگرتنـەم پاشـگەزببمەوە، جـا گـرنگ نییـە لەوسەری دونیـا بێـت یـا لـەبنی دونیـا، ئـەوەی گرنگـە بۆمن ئەو وەک مانگ ڕووناکە هەمیشە.

جۆباری ئازارەکانم

ئێستا خەریکە هەموو ئازارەکانم دەناسم، ئازاری دابران لە نیشتمان، ئازاری پێکنەچوون لەگەڵ ئەوان، ئازاری بێ دەوڵەتی لە سەر ئەتڵەسی جیهان،ئازاری یپێچەوانەبوون لەگەڵ زەمان، ئازاری یەک روویی لەگەڵ هەمووان، ئازاری ناهاوسەنگ بوون لەگەڵ

هاوكێشەكان، ئازاری دڵپاكی لەگەڵ ژیان، ئازاری رەتكردنەوەی رێسا دروستكراوەكان، ئازاری دڵسۆزبوون بۆ كوردستان، ئازاری پشتگوێ خستنی ناوبانگە داسەپاوەكان، ئازاری هەڵگری دەیان زرە ناونیشان، ئازارەكانم وەكو جۆبار رێچكەیان بەستووە، بۆیە پێشبینی دەكەم ببن بە دەریاو زەریاو نەیەم دەرەقەتیان، بەڵام بە خودای هەر ئازاری (تۆ) پێچەوانەترە لەهەمووان ..

ترس لەتەنیایی

زۆربەی رۆژهەڵاتییەکان خواپەرستی دەکەن بەتەنها لە ترسی زیندوبوونەوە، ژنپەرستی و خێزان پەرستی دەکەن بەتەنها لەترسی تەنهایی، سیاسەتپەرستی دەکەن بەتەنها لە ترسی برسیەتی، ژیانپەرستی دەکەن بەتەنها لە ترسی مردن، لەگەڵ

ئەوەی مرۆڤ لە تەنیاییدا دەگاتە لوتکە، تا تەنیایە هەموو تایبەتمەندییەکان دەپارێزێت، بۆیە هەموو ئەو شتانەی تاک و تەنها ماونەتەوە بەهۆی ئەوە بووە کە دەست لێنەدراون، هەموو دەست لێدانێک جوانییەک زەوت و ئازادییەک خەوشدار دەکات، تەماشاکە، لەو تەنهاییە جوانانە، خودا، مانگ، خۆر، چ تاقانەیەکی ناوازەن و بۆ هەمیشە وا تەنیا دەمێننەوەو پڕشنگی تەنیایی دەدەنەوە.

درز

شەرت نییە درز دان لە بێسەنگییەوە بێت، زۆر جار مــرۆڤ یــا شــتەکان لــە ســەنگینی درز دەدەن، ژاپۆنییەکان بڕوایان وایە درزەکان دەبێت بە زێـر پـڕ بکرێنەوە، چونکە ئەو مرۆڤ و ئەو شـتانەی درزدارن ئەوە نیشانەی بەنرخیانە، درزەکان پڕ دەبنەوە، بەڵام

جێگەیان هەرگیز وەکو خۆی لێنایەتەوەو ناشاردرێتەوە، زۆر جارلەدوای درزتێکەوتن دڵ دەسوێ، دڵ بەیەک روو نامێنێ ، کەمن ئەو مرۆڤانەی بەیەک روو بە یەک دڵ لە ژیاندا دەمێننەوە، چونکە مرۆڤەکان بەپێی بەرژەوەندی و سوان و رەنگەکانی ژیان رووی دڵی خۆیان دەگۆرن، ئەوان بۆیان گرنگ نییە، دەچنە ناو دڵی کێ و کێ لەدڵیاندا دەهێڵنەوە چونکە بەرژەوەندی دڵی درز پێبردوون و دڵی سواندوون.

کۆمەڵگەی بن دیوار ...

هەرچەندە من کۆمەڵناس نیم، بەڵام دەتوانم بڵێم هەموو دیاردەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی ئاماژەن بۆ گۆرانی ئەو کۆمەڵگەیە بە کومەڵگەی بن دیوار، بەو مانایەی، سیاسەتی بن دیوار، ئەدەبی بن دیوار، زانکۆی بن دیوار، بازاڕی بن دیوار ئەو

چوارچێوانەن کە دەوری ئەو کۆمەڵگەیان پێچاوە.. لە هەموو کایەکانی ژیاندا هاولاّتیان خوازیاری ئەوەن قازانجێک بەدەست بێنن بە نایاسایی و بە بێ ماندوبوون، ببن بە سیاسەتمەدار، بە پیاوی کار، بە داهێنەر، بە کەسایەتی بەناوبانگ، بە کەسایەتی فەیسبووک، بە بەرپرسی ئەستێرەدار، بەلاّم گرنگ ئەوەیە بەلارێدا بگەنە ئەو دەسکەوتەو ئەو نهێنییە بەشاراوەیی بمێنێتەوەو ئەو دیوارە نەرِوخێ ئەوانە بەدیار نەکەون.

کڵاسی نەوت..

لەسەرەتای ساڵی **٢٠٠٩** و پاش پەسەندکردنی یاسای وەبەرهێنان لەناو کۆمەڵگەی کوردوستاندا بەتەواوی کڵاسی نەوت سەریهەڵدا، لەبەرئەوەی لەپێشتر لەو هەرێمە هیچ جۆرە سەرمایەدارییەک و سەرمایەی ئەوها زەبەلاح نەبووە، بۆیە دەکرێ نەوت

به یەکەمین کلاّسی سەرمایەداری کوردی ناوزەدبکەین، ئەو کلاّسە پێکهاتووە لە چەند چینێک هەر لەو کرکە قاچاخچی و مافیایانەی کە بە قاچاغ نەوت و گاز بەریدەکەن هەتا ئەو چینە سیاسییەی بەبازرگانی ئاڵودەبووەی کە گرێبەستی مۆرکراو و پینەکراو لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان بازرگانی پێوەدەکەن، لەو بەخشیش و بەشینەوەی نەوتدا هەندێک کەس لەنزیک سەرچاوەکان بوون و بەشێکیان پێبڕاو بوونە چینی پسپۆرانی نەوت،

هەندەک کەسی تر هەر بەرێکەوت بوونە دەلالی نەوت و ناوزەدکران بە چینی بازرگانانی نەوت، هەندێک کەسی تر وەکو یانسیب کۆمپانیایەکی نەوتیان پێبەخشرا بوونە چینی کۆمپانیا هەمەکارەکان، هەڵبەتە پێویست دەکات زۆر توێژینەوەی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی لەسەر ئەو مۆرالانە بکرێ کە نەوت لە کوردوستان دایهێناو بۆ ئەوەی کلاسی نەوت زیاتر بناسێنرێت.

پەروەردەکردنی دڵ

دڵی مرۆڤ قەوارەکەی ٧-٨ ئینج دەبێت و رۆژانە نزیکەی سەد هەزار جار لێدەدا، چەند هەزار لیتر خوێن دێنێ و دەبا، دڵ سەرەرای ئەو خەسڵەتە خۆرسکانەی هەیەتی، لە هەر دڵێکی نزیکی خەسڵەتێکی جوان رادەکیشێت، ئەو مرۆڤە جوانانەی دینە ناوی هەر یەکەیان بە پێی جوانی دڵ و عەقڵی خۆیان خەسڵەتێکی وەک تابلۆ بەدڵدا هەڵدەواسن، دڵ

چەندەی پر خەسڵەتی جوان بێت هەر کەمە، دڵی من جێگە دڵی هەموو ئەو دۆست و ئەزیزانەی پێوەدیارە کە لەناویدا بەشە جوگرافیایەکیان وەبەرخۆ هەڵبریوە، هەرچەند ئەو دڵە هی منە، بەڵام هەر هاوژین و هاورێیەی نیگارێکی جوانی لەو دڵەدا نەخشاندوە، دڵی من گەرموگورە بەبوونی ئەو هەموو مرۆڤە جوانانەی لەدەوری ئاڵاون، شیرینە، لە میهرەبانی و لەخۆبردووی ئەو ئەزیزانەیە کە بۆ چرکەیەک بەجێی ناهێڵن، روونە لە متمانەی ئەو خۆشەویستانەیەتی کە هاورێی ژیانن، ناسکە لە گەورەیی ئەو هاورییانەی خوادا بۆ نازگرتنی رەوانەی کردوون. بۆیە پەروەردەکردنی دڵ کاری کەسێک نییەو کارێکی ناوازەیە.

یەک لە نیعمەتە هەرە گەورەکانی خودا

هاوڕێی ژیان ئەو نیعمەتەیە کە خودای گەورە بەتایبەت وەک خەڵاتێک دەیبەخشێتە مرۆڤ، من هەمیشە خاوەن ئەو نیعمەتە جوانە بووم لە هەموو ویستگەکانی تەمەنمدا، هاوڕێیەکانم لە کوردوستان و لە لەندەنیش کەسانی تاقانەن لە ڕەوشت و پاکی و ڕوونی و وەفاداریان، بەبێ هەبوونی بەرژەوەندی

لەنێوانماندا. بۆیە هەردەم خواستم بوبێت کە بێزاری و نامۆیی ئەو ژیانە خستومی، توانیومە سەر بە شانەکانیان بکەم و بگریەم، دەستەکانیان توند گرتووم و سەریان ماچ کردووم، دەستیان لەسەر شانەکانم داوەو بە دڵ دوعایان بۆ خوێندووم.

هەردەم کەیفخۆشیش بووم، تێر بەرامبەر چاوەکانیان پێکەنیووم قاقایەکانم پێدا رشتوون و دەستم لەمل کردوون، ئەگەر راستەخۆش نەکرابێ ئەوان بەشێوازی خۆیان لە پشتم بوون، چەندەم ویستوە کاتم بردوون بە دڵی خۆم نازم بەسەردا

کردوون و ئەوانیش گوێیان بۆ ئەو قسانەم راگرتووە کە وەک رووبار بێ ئاراستەو بێ پلان دڵیان خاڵی کردوومەتەوە، هەموو سەرکەوتنەکانی ژیانم جێدەست و جێ رووحی ئەو هاورێیانەی پێوە دیارە.. خودایە هێندە ژیان و ئارامیم پێببەخشی تا بتوانم ئەو چاکەیان بدەمەوە ئەگەر هەڵگرتن لەسەر تەمەنیشم بێ تا بیبەخشیتە ئەوان .. ئومێد دەکەم خودا پەنامدا لەو هاورێ رێرەویانەی ئەگەر بەرژەوەندی و مەزاجیان نەبوو ئەوا لە نێوەی ڕێ بە جێتدەهێڵن و لەژیان دەرتدەکەن.

یاسایی و نا یاسایی

هێچ هێزێک هێندەی هێزی وشە کاریگەر نییە، پاولۆ کۆیلۆ دەڵێت وشەکان هێندی چەک کاریگەرن، ئەگەر وردە سەرنجێک لەو (نا)یەی چەسپێنراوەتە نێوان یاسای (نا) یاساییەوە بدەین گەلێک پرسی وردمان بۆ ڕوون دەبنەوە کە پەیوەندیان کاریگەریان

دەرئەنجامیان بۆ سەر ژیانی ملیۆنەها زیندەوەر هەیە. بە دڵنیاییەوە ئەو (نا)یە هێندە بەهێزە کە دەتوانێ خەون و پلان و بەرژەوەندی ملیۆنەها مرۆڤ لە ساتێکدا سەرەونخون بکا.

دوعای پاك مانەوە

خودایە بەدوورم کەی لە خۆبادان بە پارەی موڵکی گشتی، خودایە بە دوورم کەی بە هەڵواسینی وێنەی فۆتۆشۆپکراو بۆ پەرلەمان، خودایە بەدوورم کەی بە خەون بینین بە وەزیری و بریکاری وەزارەتان، خودایە بەدوورم کەی لە مووچەی بن دیواران،

خودایە بمپارێزی لە شانازی کردن بە بروانامان، خودایە بەدوورم کەی لە بوونە وەفد لەسەر حیسابی هەژاران، خودایە بەدوورم کەی لە چاوی پیاوی راوکەری مێشک خاڵی گیرفان ئاوەدان ، خودایە بەدوورم کەی لە بەرێکردنی ژیان بە هیوای پۆستان، خوادیە بە دوورم کەی لە منداڵ ناردنە بەرخوێندنی ئەوروپای بە پارەی رەشی بەرپرسان، خودایە بە دوورم کەی لە پۆزلیدان بە پارەی خانەنیشکراوی لەتەمەنی لاویداو لەسەر حیسابی ژنانی بێ درامەت و

منداڵە شەهیدان لە کوردستان، خودایە بە تەنها ئەوەی پێمدەبەخشی مانەوەی دڵم بێت بە پاکی و سەرم بێت بە شکۆداری دوور لە هەموو ئەوان ئافاتان.

کولتووری چایی خواردنەوە

نازانم لە ناو کورداندا مێژوو و پەیدابوونی چا چۆن و کەی بووە؟! بەڵام وەختێک لە ئینگلیستان زانیم تا ئێستاش ئینگلیزە کۆکنییەکان بە (چایی) ناوی چای دێنن زۆرم پێ سەرنجکێش بوو، لەئینگلستان زیاترلە چەندین جۆرە چای تایبەتی بۆنەو، کاتی تایبەتی چای خواردنەوەیش ڕەگێکی کولتوورییەو چای

بەیانیان کە تۆوە چای ڕەشەی لای خۆمانە
ناسراوترو بڵاوترین چایە، من لەوێ زیاتر حەزم
چۆوە سەر چای خواردنەوە بە جۆرەها تۆوە چای
هەمەڕەنگ و هەمەبۆن، لەوێ چونکە چای ئەوەندە
کولتوورێکی گەرموگوڕە چای خواردنەوە بە
منداڵیمی گرێدامەوە، لەبیرمە نەنکم بەتایبەت چایی
دروست دەکردو هەموو چاییێکی نەدەخواردەوە،
چای بە فەریکی لا پەسەند بوو نەک بە کوڵاوی ، نەنکم
چادانی جوان جوانی هەبوون، هەمیشە سەری
چادانەکانیشی بە دەسەسڕەو بەرگێکی نەخشێنراو

دادەپۆشی تا چایی دەمی دەکێشا ، هەروەها بۆنی چایی چێشتەنگاوان و چایی عەسرانیشم لە بیرە، بەڵام لە ئێستایی کۆمەڵگەی کوردیدا چای خواردنەوە چیدی جێی بایەخ نەماوەو! بۆتە چای کیسە سەفەری ، یا شەربەرت و بیبسی و یا چای لێنان بە کەتری. بۆیە ئێستاش ئەگەر ماڵیک سەماوەری تێدا پێ نەکرێ من پێم ماڵ نییەو کەموکورتیەک لە کابانەکەیدا هەیە، پێموایە چای وەکو جوانکاری بەکاردەهێنێ، من هیچ ماڵێکم خۆشناوێ بێ گیزەگیزی سەماوەرو بۆنی دەمی چایی..

بازرگانی کردن بە ژن لە نەخشەی شارەکاندا

لەنەخشەی هەر شارێکی دونیادا گەرەکی نیشتەجێبوون تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەهەندێک شاری گەورەدا گەرەک بەپێی کلاسی کۆمەڵایەتی دابەشکراوە، بەڵام سەرەرای مێژووی پر گۆرانکاری و پێشکەوتن لەو شارانەدا هەندێک شوێن هەن

نەگۆڕاون، بۆنموونە ئەو گەڕەک و ئاقارانەی شار کە بەناوبانگن بۆ کاری لەشفرۆشی، ئەو گەڕەکانە لە جێگایەکی تایبەتی شارن و تێکەڵاونین لەگەڵ گەڕەکی نیشتەجێبوون و ژیانی هاوڵاتیان، هەروەها هاوڵاتیان زۆر بە تەقیەوەن نەبادا وەکو ڕێبواریش بەوێدا تێپەڕن ئەو گەڕەکە ناوبانگیان لەکەدار بکات، ئەوەی جێی شەرم و ئازارە، لە کوردستان بەتایبەت لە هەولێرو سلێمانی ئەو جێگای لەشفرۆشتنانەیە، بەناوی سەنتەری مەساج و سەنتەری چارەسەری

چینی، بەبێ هیچ پاساوێک لەناو گەرەک و شوێنی نیشتەجێبونی ئاسایی شاردا لەناو گەرەکی ماڵاندا لەناو باڵەخانەی تەنیشت ماڵاندا نیشتەجێن و کەس بەکەسە! هاوڵاتیانی ئەو گەرەکانە رۆژێ دەجار لەگەڵ ئەوانەدا رێدەکەن و تێکەڵ دەبن و دەژین! ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە زۆربەی پیشکەوتنی نەخشەی شارەکان و دەوڵەمەندبوونی بێ سەرچاوە بەدەر لەهەموو یاساو عورف و ئەخلاقێکی کۆمەڵایەتییە...

هەنگ دەبی یا هەنگوین

ئەگەر هەنگ بی، رۆژانە لەباوەشی سەدان گوڵی جواندا دەژی، ئازادی ئەگەر بخوازی بەرەو چیایەکان هەڵفری، بەڵام ئەگەر هەنگوین بی، رۆژانە لەسەر دەستی جۆرەها فرۆشیاری قۆڵبر ساختەت تێدا دەکرێ و لەناودەمی هەزارەها مرۆڤی تەڵەکەبازدا دەخورێی و ئاوا دەبی، بۆیە برادەر هەرگیز خواستی

بوونە هەنگوینت نەبێت، منداڵەکان لەگەڵ ئەوەی دەڵێی هەنگوینن بەهێزترین هەستی خۆشەویستیان هەیە، بەڵام نە قسە لەگەڵ هەموو کەس دەکەن، نەبە رووی هەموو کەس پێدەکەنن و نە دەچنە باوەشی هەموو کەس و نە بە هەموو کەسیش ژێردەبنەوە، بە پێچەوانەی گەورەکان کە پێیان وایە منداڵەکان ساویلەکەن و منداڵەکان زۆر جار خواردنی هەنگوین رەتدەکەنەوە، بەڵام دەیانەوێت هەنگەکان بەدەست بگرن.

سوێند بە وەفای پیاوان

جەلالەدینی رۆمی بەیەکێک لە عاریفە گەورەکانی دونیا دەهێتە ژماردن، ئەوەی سەرنجی راکێشاوم سەرەرای قووڵی و پلەبەرزی ئەو لەخوداپەرستیدا، سوێندە جوانەکەی بووە کە هەمیشە سوێندی بە (وەفای پیاوان) خواردووە، بۆیە وەفاداری پلەیەکی

زۆر بڵندو تایبەت و سیفەتێکی دەگمەنە لەناو مرۆڤەکان بەتایبەت هاورێیەکان، بۆیە ئەو مرۆڤانەی جێگەو بوونی هاورێی بە وەفا نانرخێنن لە ژیاندا زۆر ئەستەمە سەرکەوتوو ببن و بە ناکامڵی دەمێننەوە!

مردن بەمانا هەمە جۆرەکانی

جێی سەرسورمان نییە کە ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە سەردەمی مردنە بە مانا جۆراوجۆرەکانیەوە، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە بەهایەکانی جوانی و ژیان و دۆستایەتی ڕاگوێزراون، ئەمن زۆر هاوڕێم هەبوون نازانم چۆن

زۆربەیان لە پڕ بزربوون، کە هەواڵیان دەپرسم دەڵێن لە ژیاندا ماون و سەرقاڵن، بەڵام لەلای من ئەوان مردوون و کە بیریشیان دەکەم فاتیحایان بۆ دەنێرم، لەو ڕۆژگارەی کوردوستاندا ئەگەر کاربەدەستێکی دیار، بازرگانێکی دیار. یا ژن یا پیاوێکی دەربار نەبێ، کەس نازانی ماوی یا مردووی، چونکە نەهاتوونەتە پرسەکەشت، بۆیە زۆربەی خەڵک چاوەڕێیە تا بگاتە یەک لەو پلەدارانەو هەست بکا لە ژیاندا ماوە!!

بۆیە ئەمن، بەدڵ بە پەرۆشم بۆیان چونکە دڵنیام مردنی لە ناو زیندووان گەلەک کارەساتبارترە لە مردنی لەناو مردووان..

سەردەمی بەجێهێشتن و وێڵ کردن

راستیەک هەیە دەبێت هەموو لێی ئاگادار بین ئەویش رووداوە چاوەڕنەکراوەکانی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا دەژین، کە دەکرێ ناوی ببەین بە سەردەمی (پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان).. لە بۆیە نابێت تووشی حەپەسان بێین کە عەزیزترین کەس خۆمان لێ بیبەری

بکـــا، خوشەویســـترین هـــاوریْ بـــەجیْمان بیْهڵیْـــت، نزیکترین دۆستی روحی دەستبەردارمان بیْت ..

عاشـقترین دڵـدار ویڵمـان بکـا! وە ئەگـەر تیکـرای ئەوانە هەر لەپرو بەبیْ هۆ رووبدەن! دیـویْکی دیکـەی بەجیْهیْشتن، بەجیْهیْشتن بە مردنە کـە لـەو سـەردەمە ریْـژەی سەرسـورهیْنەری تیْپەرانـدووە، بۆیـە ئـەو سەردەمە بە جۆرەها شیْوە دەتکاتـە مرۆڤیْکـی تـاق و تەنیا، مرۆڤیْک کە ئیدی نابیْت پشت بـە کـەس و پشـت بە هیچ ببەستی!

©

مافی لە چاپدانەوەی ئەم بەرهەمە
بۆ نووسەر پارێزراوە

Copyright:

Copyright © 2015 -2020

Negar Nadir, All Rights Reserved.

ناوەڕۆک

من بەکاتی هەولێر ٥
خۆماڵیکردنی خۆم ١٠
هاوڕێیەك بە ڕەنگی هەموو ژیان ١٨
هی تۆیە، بەلاَم بۆ تۆ نییە ٢٠
دەترسێم یوسف... ٢٤
هاوڕێیەك بە بۆنی عەتر ٢٦
پاراستنی ئەخلاَق لەسەردەمی مۆدێرنەدا ٢٩
دلَژمێری ساڵی ٢٠١٤ز ٣٤

خووە خۆشەکانی خۆم ٤٨
ژوورێك بە تامی قەیسی نا بە تامی دونیا ٥١
دونیا بە دەنگی شەکری تۆوە ٧٠
بە تەنها شیعر ناهێڵێ ببەزم ٧٢
کەوتنە ژێر هێڵی سفری متمانە ٨٤
لەسەر پردەکەی لازۆ ٨٦
دڵ بە سنووری دونیا ١٠٦
مانگ وەکو تاکە هاوڕێ ١٠٧
تەنیایی چەند دروستکەرە هێندەش پڕوکێنەرە ١٠٩
وەستای نووسین و شاگردی نووسین ١١١

پۆست ساماندارى كوردى ١١٣
٢٠١٤ خەڵات دەكەم ١١٥
دانيشتن بە هەموو تاقم و تەدارەكەكانيەوە ١١٧
تێكەڵەيەك لە ژن بوون ١٢٠
بەناوبانگ بوون لە ساڵى ٢٠١٤ ١٢٢
ساڵێك بە ڕەنگى ڕەش ١٢٥
پيتچنين و فكرچنين ١٢٧
خووە شيرينەكانى خۆم ١٣٥
لەندەن نيشتمانى دووەمم ١٣٧
پەنجاو دووەمين هەفتەى ساڵى ٢٠١٤ ١٤٠

مرۆڤ وەکو بگۆڕێکی مۆدێرن ١٤٢
هاوهەنگاوی کەی ڕوودەدا؟ ١٤٦
نووسەر وەکو مارکە ١٤٩
هەولێری نێو دەوڵەتی ١٥١
کەوتنە ژێر هێڵی سفری دڵسافی ١٥٤
مەرجەکانی من ١٥٧
سەربەخۆبوون ١٥٩
کەوتنە ژێر هێڵی سفری تەنیایی ١٦١
لەندەن شەکرە، بەڵام هەر هەولێر شیرینترە ١٦٣
مردن لەسەردەمی خێراییدا ١٦٥

یەشار کەماڵ گیانی بە دەریادا سپارد بە خاك نا	١٦٨
ستایلی کۆیلە ڕاگرتن	١٧١
ئەریّ چۆن دەتوانی هێندە مەجنوون بیّ؟	١٧٤
شەکر نیم، بەڵام هەر شیرینم	١٧٦
خۆزگە ئەستێرەناس بوومایە	١٨٠
دەستت لەسەر دەستم	١٨٣
سلاّوێکی بیّ کریّ بۆ هەموو کرێکاران	١٨٦
کتێبێك بۆ ڕاوەستانو داوەستان	١٨٨

ژاراوی بوون ١٩١
مانگ لە کاممان نزیکترە؟ ١٩٣
جۆباری ئازارەکانم ١٩٥
ترس لە تەنیایی ١٩٧
درز ١٩٩
کۆمەڵگەی بن دیوار ٢٠١
کلاّسی نەوت ٢٠٣
پەروەردەکردنی دڵ ٢٠٦
یەك لە نیعمەتە هەرەگەورەکانی خودا ٢٠٨

یاسایی‌و نایاسایی ٢١١
دوعای پاك بوونەوە ٢١٣
کولتووری چا خواردنەوە ٢١٦
بازرگانیکردن بە ژن لە نەخشەی شارەکاندا ٢١٩
هەنگ دەبی یا هەنگوین ٢٢٢
سوێند بە وەفای پیاوان ٢٢٤
مردن بە مانا هەمەجۆرەکانی ٢٢٦
سەردەمی بەجێهێشتن‌و وێڵ کردن ٢٢٩